# گەمەی سیاسیی نوێ دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستاندا

لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستان و ئەو ئاکامە بەرزەی کە خەڵك بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ دەنگی بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) داوە، گەمەیەکی سیاسیی نوێ لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت. پرسیاری گرنگ و بەپەلە ئەوەیە ئایا ئێمەی کوردستانی دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم گەمە نوێیەدا بکەین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوەیە چاوێکی واقیعییانە بەهاوکێشەی سیاسیی ناوچەکەدا بخشێنینەوە و راستییەکان وەك خۆیان بخەینەبەر چاو، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بتوانین شرۆڤەیەکی دروست و واقیعییانە بۆ بارودۆخەکە بکەین.

بە تێگەیشتنی ئێمە شەڕی سووریا بەرەو کۆتایی دەچێت، کاتێکیش شەڕەکە بەرەو کۆتایی بچێت، ئەوا سیمای لایەنە براوەکانی شەڕەکەش دەردەکەون، ئەوانەی ئێستا وەك براوە لەم شەڕی سووریا دەردەکەون، بریتین لە: رووسیا، ئێران و هاوپەیمانەکانیان، بەڵام ئەوەی خۆی بە زەرەرمەندی سەرەکی لە شەڕی سووریا دەزانێت، تورکیایە، بێگومان تورکیا ئەم زیانە دەخاتە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە رێگەی لێگرت و نەیهێشت دەستی بە تەواوەتی واڵا بێت بۆ ئەوەی رۆڵێکی دیاری سەربازی لە شەڕی سووریا بگێڕێت.

دیارە لەم گەمە سیاسییە نوێیەدا، دوو خاڵی سەرەکی بۆ تورکیا ئاشکرا بوون، یەکەمیان ئەوەیە کە رووسیا دەیەوێت بە خێرایی شەڕی سووریا بەرەو کۆتایی ببات، زیاد لەمەش رووسیا دەیەوێت رووباری فوراتیش تێپەڕێنێت و بپەڕێتەوە. خاڵی دووەمیش کە بۆ تورکیا ئاشکرا بووە، دیسان ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی بەهۆی رەفتارەکانی کۆریای باکوورەوە دروست بوون، ناتوانێت گوشاری زیاتر لە سووریادا بخاتە سەر رووسیا .

لە هەردوو حاڵەتەکەدا کە رووسیا هێزێکی بەرچاوی لە سوریا هەیەو ئەمریکاش بەهۆی کێشەی کۆریای باکوورەوە ناتوانێت پەنا بۆ گوشاری زیاتر ببات، ئەمە وایکردووە کە دەستی رووسیا واڵا و کراوەتر بێت بۆ ئەوەی شەڕی سووریا بەرەو کۆتایی ببات، ئەوجا ئەوەی لە ئاکامی کۆتایی ئەم شەڕە دەبێتە دەرەنجامێکی پێشبینکراو، ئەوەیە کە بەرژەوەندیی تورکیا و رژێمی سووریای لەگەڵ باڵادەستی و نفووزی رووسیا بۆ سنووردارکردنی دیفاکتۆی رۆژئاوا یەکانگیر کردووە .

تورکیا بۆ ئەوەی لەم گەمە سیاسییەدا ئەم ئامانجەی بۆ بێتەدی کە سنووردارکردنی دیفاکتۆی رۆژئاوایە، لەمەشدا پێویستی بەوەیە



**د. جەعفەرئیبراهیم ئێمنکی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئێران رازی بکات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئێران رازی بکات، تەنیا کارتی دەستی تورکیا ئەوەیە کە گوشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە ریفراندۆم پاشگەزی بکاتەوە، وەك لە لێدوانەکانی سەرۆك و حکومەتی کوردستان رۆژانە گوێبیستی دەبین، تورکیا لەم پێناوەدا بە زمانێکی توند و هەڕەشەئامێز دژی هەرێمی کوردستان قسەو لێدوان دەدات.

لە ناو ئەم دۆخەدا پرسیار ئەوەیە ئایا پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات؟ بە بۆچوونی من لە ئێستا پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان پێداچوونەوەیەکی جددی بە تەواوی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە، ئەم پێداچوونەوەیەش لەسەر بنەمایەکی تازە بێت کە تیایدا رێزگرتنێکی زیاتر بێت بۆ رۆڵی گرنگی رووسیا لە تەواوی ناوچەکەدا، هەروەها رێز لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران و سووریا عێراقیش بگیرێت.

ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و ستراتیژییەکانی رووسیا لە ناوچەکەدا روو لە زیادبوونێکی دیار و بەرچاوە، لە هەمانکاتدا رووسیاش تێگەیشتنێکی باشی بۆ دۆزی رەوای خەڵکی کوردستان هەیە، لە هەمانکاتدا ئێرانیش لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی دیاریکراودا ململانێ دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت وەك (سویسرا) رۆڵێکی بێ لایەنانە بگێڕێت .

لەبەرەنجامی ئەم بۆچوونە، کارێکی باش و رەوایە مەترسییەکانی ئێران وەك خۆی لەبەرچاو بگیرێت، ئاشکراشە پەیوەندییەکانی ئێمە و کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ١٩٧٩ درێژەی هەیە، شایستەی ئەو پێداچوونەوەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی خەباتی کوردستاندا بە بادرەی خۆی هاوکار و دۆستێکی نزیکی ئێمە بووە.

سەبارەت بە تورکیاش کە ئێستا دۆستایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان رەتدەکاتەوە و بە زمانی دوژمن لەگەڵ کوردستان قسە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا بە هەموو پێوەرێك دەبوایە هەڵوێستی ئێران زۆر لەمەی ئێستا توندتر بوایە، بەڵام هەتا ئێستا ئێران بە پێی هەموو پێوەرە سیاسی و دیپلۆماتییەکان و بەرژەوەندیی ستراتیژی ئەو وڵاتە، بەڵام لە هەڵوێستی بەرامبەر کوردستان زمانی دیپلۆماتی تێنەپەڕاندووە.

ئەم واقیعەی ئێستا خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی باشتر لە هەڵوێستی دراوسێکانمان تێبگەین و هەر لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنەش پێداچوونەوە بە تەواوی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی کوردستاندا بکەینەوە.



# ئاكامی ریفراندۆم ..
# پردی پەڕینەوەی كوردستان
# بۆ قۆناخێكی نوێ

## چۆن مامەڵە لەگەڵ
## ئەم قۆناخە نوێیە دەكرێت و
## تەحەددییەكان تێدەپەڕێنرێت؟



**براندن ئۆلێری وەک ئەمریکییەک رووی پرسیاری دەکاتە گەلی ئەمریکا و پێیان دەڵێت: ئەگەر دیپلۆماتکاری وڵاتێکی دیکە بێتە کۆنگرێسی ئەمریکا و وێنەی جۆرج واشنتۆن ببینێت و نەزانێت کێیە، ئایا ئێوە چی پێدەڵێن؟ ئەوجا بۆ ئەوەی بزانن مستەفا بارزانی کێیە، ئەوا من پێتان دەڵێم بۆ کوردستان وەک جورج واشنتۆنی ئەمریکایە**

**ئەگەر ئەرکی راستەقینەی دەستوور لە بنەڕەتدا بۆ بونیادنانی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و گەرەنتی مافی هەموو پێکهاتەکان دارێژدرابێت، ئەوا ئێستا ئەو ئەرکەی دەستوور خزاوە و گۆڕاوە بۆ بونیادنانی کۆمارێکی ئیسلامی شیعە لە عێراقدا وەک کۆپی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا**

**دامەزراوەی دادگای فیدراڵی کە ئێستا رۆڵی دادگایەکی شیعە دەگێڕێت، هەروەها دامەزراوەی سیستمی بەرگری عێراق کە ئێستا بۆتە دامەزراوەی سیستمی بەرگری لە شیعە، بنەمای دەستووری عێراق کە بریتییە لە ڤیتۆی پاراستنی کەمینەکان و تەوافق لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، ئێستا بۆتە پەرلەمانی تایفەگەرای شیعە و چ یاسا و بڕیارێکیان بوێت، دژی عەرەبی سوننە و گەلی کوردستان بە زۆرینەو کەمینە تێی دەپەڕێنن**

ئەو بڕیارە سیاسییەی بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکان لە ٧ی حوزەیران بۆ دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەریانکرد و هەڵوێستی جوامێرانەی تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان کە لە ٢٥ی ئەیلوولدا پشتگیری ریفراندۆمیان کرد و رایانگەیاند بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، بڕیارێکی جوامێرانە و بوێرانەی خەڵکی کوردستانە و خاڵی وەرچەرخانی قۆناخێکی نوێیە کە دوای ئاکامی ریفراندۆم لە کوردستان دەستی پێکردووە. دیارە هەموو قۆناخێکی نوێ پێویستی بە بیرکردنەوەی نوێ و دروستکردنی هەڵوێستی گونجاوی سیاسی بە هاوشانی قۆناخەکە هەیە، گەلی کوردستان دەبێت ئەو راستییەی لا ئاشکرا بێت، کە بە دەنگدانی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چ گێژەلووکە و بوومەلەرزەیەکی لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست کردووە، هەروەها دەزانن کە دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی و عێراق و دراوسێکانی کوردستان، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون کە گەلی کوردستان بتوانێت لەئێستادا ئەم بڕیارە بوێرانەیە بدات و ریفراندۆم ئەنجام بدات، بەتایبەتی کە ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوایان دەکرد کە پرۆسەی ریفراندۆم دوابخرێت، دوانەخستنی پرۆسەی ریفراندۆم لە لایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خەڵکی کوردستان لە روانگەیەوە نەبوو کە گەلی کوردستان دەیەوێت تەحەددای تەواوی ئیرادەی ئیقلیمی و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی دەکات، بەڵکو سووربوونی گەلی کوردستان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم تاقیکردنەوەی ئاستی راستگۆیی جیهانی ئازاد بوو لە بەرامبەر رێزگرتنیان لە بنەماکانی دیموکراتی و مافی گەلان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، هەروەها تاقیکردنەوەی پابەندبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو لەسەر پیادەکردنی ئەو مافانەی لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە لە مافی گەلان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیاریکردنی مافی چارەنووس و هەموو دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو میساقەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە کە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر دەرکراوە. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کەشێکی تازەی دروست کردووەو گەلی کوردستانیش دەبێت لەگەڵ ئەو کەشە تازەیە مامەڵە بکات.

مێژووی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، راستییەکی پیشانی هەموو جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی داوە، کە ئەو کاتەی کورد ناچار بووە پەنا بۆ شاخ و خەباتی چەکداری بەرێت، لە پێناوی ئەوە بووە شەڕ و غەدر کۆتایی بێت و زەمینەیەك دروست بێت بۆ ئەوەی بە دیالۆگ و رێگەچارەی ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکرێن، پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمیش کە کۆرپە نازدارەکەی مێژووی دوور و درێژی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستانە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام دراوە و ئامانجی ئەوەیە کە بە شێوەی دیالۆگ و ئاشتییانە مامەڵە لەگەڵ خواستی رەوای گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بە عێراقیشەوە بەهۆی ریفراندۆمەوە تووشی هەناسەسواری و هەڵچوونی لە رادەبەدەر بوون، هەنگاوی یەکەمی گەلی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە وادەخوازێت، بەتوندی پێداگیری لەسەر ئەو دەستکەوتانە بکات کە ریفراندۆم بەدەستی هێناوە، لە هەمانکاتدا نەفس درێژ و هێمن بێت هەتا کەفوکوڵی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ دەنیشێتەوە و ئەو واقیعە تازەیە قبووڵ دەکەن، کە ئامانجی ریفراندۆمی کوردستان بۆ ئەوەیە شەڕ لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بێت و ئاشتی و برایەتی و هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان نەتەوەکان دروست بێت بۆ ئەوەی سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانی خۆمان بین، نەك ئەوەی هەشمانە بیدەین بە تەقەمەنی و ماڵی یەکتری پێ کاول بکەین. ئەوجا وەك پرۆفیسۆر ئیرك براون توێژەری باڵای ئامۆژگای هۆدسن لە پەنێڵیدا بە پەندێکی ئەمریکی پێشنیاری هێمنی بۆ کوردستان دەکات و دەڵێت: «شۆربا بە گەرمی چێژ ناکرێت، چاوەڕێ بکەن هەتا

سارد دەبێتەوە.» ئەوا ئێستا گەلی کوردستانیش دەبێت چاوەڕێ بکات، هەتا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، ئەوکات هەموو لایەك دەزانن بنەمای بڕیاردانی کوردستان بۆ ریفراندۆم، بۆ بەدیهێنانی ئاشتییە، نەك دروستکردنی ئاژاوەو شەڕ.

## ● وەرچەرخان لە هەڵچوونی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێوە بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان

کێشەی سەرەکیی عێراق و کوردستانیش لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق بەتایبەتی، کێشەی کەم ئەزموونیی ئەو دیپلۆماتییەی ئەمریکایە لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتێکی هاوشێوەی عێراق لە قۆناخی دوای شەڕ، یان دوای نەمانی دیکتاتۆریەت، هەر بۆیە ئیدارەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە کە ئیمارەتی تاڵیبانی لە ئەفغانستان رووخاند و دوای ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی سەدام حوسێنی لە عێراق رووخاند، وەك دوو ئەزموونی شکستخواردی ئەمریکا لە رێکخستنەوەی پرۆسەی ئەو دوو وڵاتە لەماوەی ١٦ ساڵی رابردوو لەقەڵەم دەدرێت، ئەوجا وەنەبێت ئەم راستییانە لای ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ شاراوە بن، بەڵکو زۆر بەباشی هەستیان بەو شکستە کردووە، بۆیە لەکارنامەی ئیدارەی ترەمپ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامیدا، ئەو بڕگەیە رەتکرایەوە کە جارێکی دیکە ئەمریکا خۆی بە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە لەو وڵاتانە سەرقاڵ بکات.

ئەگەر لەسەر ئەم واقیعە سەیری هەڵوێستی جیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا بکەین کە خۆی هات بۆ کوردستان و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبووەوەو داوای کرد ریفراندۆم دوابخرێت، بەڵام کە لە واقیعەکە تێگەیشت بەوەی ناکرێت ئەم پرۆسەیە دوابخرێت، بە ئاکامی وتووێژەکە رازی بوو، پەنای بۆ هیچ گوشارێك نەبرد، بەهەمان شێوە کاتێك ریکس تیلێرسۆن لە میانەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بە سەرۆك بارزانی راگەیاند: (باشترە ریفراندۆم دوابخرێت)، بەڵام دیسان ئەویش گەیشتە قەناعەت و پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم پەنای بۆ هیچ گوشارێك نەبرد.

بەڵام وەك مایکل پریجنت ئەفسەری هەواڵگری ئەمریکا لە عێراق لە پەنێڵێکدا ئاماژەی پێکردووە، هۆکاری سەرەکی لە کاردانەوەکانی دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم، دەگەڕێتەوە بۆ کورتبینی و کەم ئەزموونی دپلۆماتکارێکی وەك برێت ماکگۆرگ کە بەڵێنی بە ئەمریکا و ئێران و تورکیا و عێراق دابوو، ئەو لە توانایدا هەیە ریفراندۆم لە کوردستان دوابخات.

چوارچێوەی بیرکردنەوەی ماکگۆرك بۆ داواکاری لە سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی بەدیلی ریفراندۆم، لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلی کوردستان لە پێناوی بەرزکردنەوەی سەقفی داواکارییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بڕیاری ریفراندۆمی داوە، ئەو لەوە بێ ئاگا بووە کە ئەو بڕیارە لەسەر ئەوە دراوە کە پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەبی عێراق کۆتایی هاتووە و دەبێت رێگەچارەیەکی دیکە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق رێکبخاتەوە.

هەربۆیەش دوای ئەوەی بریت ماکگۆرك بە حیساب بەدیلەکەی خۆی ئامادەکرد و بردی لەگەڵ سەرۆك بارزانی موناقەشەی بکات، دەرکەوت ئەو بەدیلەی خەڵکی کوردستان وەك گەرەنتی بۆ دواخستنی ریفراندۆم داوای دەکات، بریتییە لەو ماوەیەی هاوپەیمانان پێویستیانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە کاتێکی گونجاودا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێ بکات، بەڵام ئەو بەدیلەی ماکگۆرك وەسفی دەکرد، بەوەی ئەوەی سەرۆك بارزانی داوای کردووە لەو بەدیلەدا هەیە، دەرکەوت نە کاتێکی دیاریکراوی بۆ دواخستنی ریفراندۆم لەخۆی گرتووە، نە پشتگیری نێودەوڵەتیشی تێدایە بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەو کاتەی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە گونجاوی دەزانن.

بێگومان ئەمە جاری یەکەم نییە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و کوردستان، کە ئەزموونی دیپلۆماتەکانی ئەمریکا بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکەن و لە چارەسەری راستەقینە دووری دەخەنەوە، هەر بۆ نموونە

هەموو جیهان شاهیدە، لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو لەلایەن ئەمریکا گوێ لەو هەموو هاوارەی کورد نەگیراوە و لەمەش خراپتر نەیانتوانیوە ئاراستەی حوکمڕانی لە عێراقدا راست بکەنەوە، تەنانەت ئەو کەسانەشی کە لە چوارچێوەی گرووپە ئاست بەرزەکاندا ماوەی زیاتر لە ١٦ مانگ توێژینەوە و دیراسەتیان کردووە، گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە جارێکی دیکە کێشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق چارەسەر ناکرێت

راپۆرتەکەی کرۆکەر لەگەڵ ئەوەی باس لە سەربەخۆیی کوردستان ناکات، وەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، بەڵام راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە پاش ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە نێوان شیعە و سوننە لەسەر بنەمای عێراقێکی فیدراڵی رێکدەخرێتەوە، ئەوکات دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کوردستان چۆن بۆ ئایندە بونیاد دەنرێتەوە

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خەڵکی کوردستان راشکاوانە پێتان دەڵێن کە چیدیکە عێراق بواری پێکەوەژیان و رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لەنێوان کوردستان و عێراقی تێدا نەماوە، ئەمە راستییەکە کە دەبێت ئیدارە ئەمریکا وەک هەلێک سەیری بکات، نەک لەسەر بنەمای هەندێک شرۆڤەی سەرچیغ و زانیاری هەڵە، هەڵوێستی نابەرپرسیارانەی لە هەمبەر وەربگرێت

**چوارچێوەی بیرکردنەوەی ماکگۆرک بۆ داواکاری لە سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی بەدیلی ریفراندۆم، لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلی کوردستان لە پێناوی بەرزکردنەوەی سەقفی داواکارییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بڕیاری ریفراندۆمی داوە، ئەو لەوە بێ ئاگا بووە کە ئەو بڕیارە لەسەر ئەوە دراوە کە پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەبی عێراق کۆتایی هاتووە و دەبێت ڕێگەچارەیەکی دیکە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق ڕێکبخاتەوە**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، دەبینین لەچەند پرسی گرنگی تایبەت بە چارەنووسی گەلی کوردستان هەوڵیدابوو، بەڵام لە بێ ئاگایی خۆی خەریك بوو دووچاری کێشە و هەڵەی گەورەمانی بکات، هەر بۆ نموونە:

١. لە مەسەلەی شێوازی بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی، لای بریمەر، فیدراڵیزمی پارێزگاکان شێوازیکی پەسەندتر بوو لەوەی کە لایەنی کوردستانی داوای ئەوەی دەکرد هەرێمی کوردستان دەبێت لەسەر بنەمای جوگرافی و مێژووی خۆی بۆ گەلی کوردستان دابمەزرێت، ئەم کێشەیە کەوتە ئەوەی بریمەر فەرزی بکات، بەڵام ئیرادەی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و پێداگیری سەرۆك بارزانی، هەرێمی کوردستانی لەسەر بنەمای مێژوو و جوگرافیا چەسپاند و فیدراڵیزمی پارێزگاکانی ڕەتکردەوە.

٢. لەسەر مەسەلەی بونیادنانەوەی سوپای عێراق و هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان لە عێراقدا، دیسان پۆل بریمەر ئاگاداری ئەوە نەبووە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوپەیمانی وڵاتەکەی بووە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، لەوە نەدەگەیشت پێشمەرگە بناخەی سوپای بەرگری کوردستانە لە داهاتوودا، بۆیە کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆك بارزانی هەڵوێستێکی زۆر توند وەربگرێت و ناچاری بکات پێیان بڵێت، فەرموون ئەگەر ڕاست دەکەن، وەرن لە کوردستان هێزی پێشمەرگە هەڵبوەشێننەوە.

٣. لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراق و سەبارەت بە ناسنامەی عێراق و مافەکانی خەڵکی کوردستان، دیسان بریمەر بە ئاستێك گوشاری خستە سەر سەرکردایەتی کوردستان، هەتا کار گەیشتە ئەوەی پرۆفیسۆر براندن ئۆلیری وتارێکی لە ڕۆژنامەی فاننشیاڵ تایمز بە ناو نیشانی (گوشاری زیاتر لە بارزانی مەکەن) بڵاوکردەوە و ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەمریکا دیپلۆماتکارێکی نەشارەزای ڕەوانەی عێراق کردووە و تەنانەت هێندە بێ ئاگایە لە کێشەکانی عێراق و خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، کاتێك بریمەر چۆتە پەرلەمانی کوردستان و وێنەی بارزانی مستەفای بینیوە، پرسیویەتی ئەو وێنەیە کێیە؟ براندن ئۆلیری وەك ئەمریکییەك ڕووی پرسیاری دەکاتە گەلی ئەمریکا و پێیان دەڵێت: ئەگەر دیپلۆماتکاری وڵاتێکی دیکە بێتە کۆنگرێسی ئەمریکا و وێنەی جۆرج واشنتۆن ببینێت و نەزانێت کێیە، ئایا ئێوە چی پێدەڵێن؟ ئەوجا بۆ ئەوەی بزانن مستەفا بارزانی کێیە، ئەوا من پێتان دەڵێم بۆ کوردستان وەك جورج واشنتۆنی ئەمریکایە.

٤. لە ڕاپۆرتی دیراسەتکردنی بارودۆخی عێراق لە ٢٠٠٦ کە بە ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن ناسراوە، دیسان لەگەڵ ئەوەی ئەو گرووپەی ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادە کردبوو، بە حیساب گرووپێکی زۆر شارەزای هەردوو پارتی و کۆماری بوون، بەڵام لەو ڕاسپاردانەی بۆ عێراق و کوردستان دیاریان کردبوو، هێندە نەشارەزا بوون کە وایکرد سەرۆك بارزانی هەر لە بەغداوە ڕەتی بکاتەوە و ڕاشکاوانە بە ئەمریکا بڵێت ئێمە پابەندی ئەو ڕاسپاردانە نابین، بۆ ئەمەش سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش هاتە سەرخەت و وەڵامی سەرۆك بارزانی دایەوە کە ئەو ڕاسپاردانە بۆ ئیدارەی ئەمریکا مولزەم نین، لەمەش زیاتر سەبارەت بەو ئاکامەی ڕاپۆرتی دیراسەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دیاریکردبوو، لەسەر ئاستی ئەمریکاش بە تایبەتی ئەو توێژەرە باڵایانەی بە شێوەیەکی مەیدانی لەسەر بارودۆخی عێراق کاردەکەن، هێندە بێ بایەخ پێناسەکران، هەتا توێژەرێکی گەورەی وەك ئەنتونی کوردسمان بە وتارێك لەژێر ناونیشانی (چاوەڕێ بووین شاخ بزێ . مشکی بوو) وەسفی ئەو ڕاپۆرتەی کردبوو.

ئاماژەکردنمان بۆ هەڵە و کەم ئەزموونی دیپلۆماتکارەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بۆ ئەوەیە ڕاشکاوانە بە ئەمریکا بڵێین: ئێمەی خەڵکی کوردستان خۆمان دەزانین کێشەی ڕاستەقینەمان لەگەڵ عێراقدا چییە و سەرەنجامیش چۆن لە پێشاندا هاتنە ئەو قەناعەتەی کە گوێمان لێبگرن، ئێستا دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم هەر دەبێت بگەنە ئەو قەناعەتەی ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خەڵکی

**ئەگەر سەیری هەڵوێستی جیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا بکەین کە خۆی هات بۆ کوردستان و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبووەوەو دوای کرد ریفراندۆم دوابخرێت، بەڵام کە لە واقیعەکە تێگەیشت بەوەی ناکرێت ئەم پرۆسەیە دوابخرێت، بە ئاکامی وتوویژەکە ڕازی بوو، پەنای بۆ هیچ گوشارێک نەبرد، بەهەمان شێوە کاتێک ریکس تیلرسۆن لە میانەی پەیوەندییەکی تەلەفونی بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند: (باشترە ریفراندۆم دوابخرێت)، بەڵام دیسان ئەویش گەیشتە قەناعەت و پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم پەنای بۆ هیچ گوشارێک نەبرد**

کوردستان راشکاوانە پێتان دەڵێن کە چیدیکە عێراق بواری پێکەوەژیان و ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لەنێوان کوردستان و عێراقی تێدا نەماوە، ئەمە راستییەکە کە دەبێت ئیدارە ئەمریکا وەك هەلێك سەیری بکات، نەك لەسەر بنەمای هەندێك شرۆڤەی سەرچیغ و زانیاری هەڵە، هەڵوێستی نابەرپرسیارانەی لە هەمبەر وەربگرێت.

## ● قۆناخی قەناعەت پێکردنی دۆستەکانمان بە کۆتایی پێکەوەژیان و شەراکەت لەعێراقدا

باڵیۆز رایان کرۆکەر سەبارەت بە هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان دەڵێت: ئەمریکا هەڵوێستێکی هێندە هەڵە و توندی دژی ریفراندۆمی کوردستان وەرگرتووە، ئەمە وەك ئەوەیە تیشکی سەوزمان دابێتە بەغدا و ئەنقەرە و تاران بەوەی دەتوانن سوپاکانیان بجووڵێنن و سزای دەنگدەرانی کوردستان بدەن.

بێگومان باڵیۆز رایان کرۆکەر جیا لەوەی لە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش ئەو کاتەی باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە پاکستان، گواسترایەوە بۆ نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاشانیش کە حکومەتی عێراق دامەزرا، کرایە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، لە هەمانکاتدا لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦ وە بۆتە سەرۆکی گرووپی تاسکفۆرسی ئایندەی عێراق لە ئامۆژگای ئەتلەنتیك بۆ ئەوەی سیاسەتێك بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵ عێراق ئامادە بکات بۆ ئەو سەرۆکەی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ هەڵدەبژێردرێت و لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ دەچێتە کۆشکی سپی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو راپۆرتەی ئەوان کاریان لەسەر کردووە و لە ئایاری ٢٠١٧ وەك سیاسەتی پێشنیارکراوی ئەمریکا بەرامبەر عێراق پێشکەش کراوە، ئەوا ئەگەر هیلاری کلینتۆن-یش بهاتەیەتە کۆشکی سپی، هەر هەمان راپۆرتی بۆ ئامادەدەکرا و وەك پێشنیار دەخرایە بەردەستی.

لەم راپۆرتەدا رایان کرۆکەر و تیمەکەی ئەو راستییەیان نەشاردۆتەوە و جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا تایبەت بە ڕێکخستنەوەی پرۆسەکە لەنێوان شیعە و سوننەدا بێت، ئەمەش بەو مانایەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەو شێوەیەی ئەمریکا ئومێدی بۆ دەخوازێت لە عێراقدا بوونی نەماوە، بەڵام پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ئەگەر کێشەیەکی هەبێت، پرۆسەیەکی سەرکەوتووە و نابێت دەستکاری بکرێت، راپۆرتەکەی کرۆکەر لەگەڵ ئەوەی باس لە سەربەخۆیی کوردستان ناکات، وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، بەڵام راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە پاش ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەنێوان شیعە و سوننە لەسەر بنەمای عێراقێکی فیدراڵی ڕێکدەخرێتەوە، ئەوکات دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کوردستان چۆن بۆ ئایندە بونیاد دەنرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لەو وردەکارییە بدەین کە لە راپۆرتەکەی کرۆکەردا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا هەست دەکەین لە زۆر رووەوە لەگەڵ ئەو داواکارییانەی خەڵکی کوردستان یەکدەگرنەوە کە ئاکامی ریفراندۆمەکە دروستی کردووە و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانی سەرپشك کردووە لەسەر پەیوەندییەکانی ئایندەی نێوان کوردستان عێراق لەگەڵ بەغدا دەست بکات بە دیالۆگ و وتووێژی کراوە بە ناوبژیوانیی ئەمریکا، یان نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەوەی لەناو ئەم بازنەیەدا جۆرێك لە ئیشکالییەتی لەنێوان بۆچوونی کوردستان و بۆچوونی ئیدارەی ئەمریکا سەبارەت بە ئایندەی عێراق و کوردستان و هەڵوێستی ناتەندروستی ئەمریکا بەرامبەر ریفراندۆم دروست کردووە، ئەوەیە کە ئەو دیپلۆماتکارانەی نوێنەرایەتیی حکومەتی ئەمریکا دەکەن لە عێراقدا وەك بریت ماکگۆرك نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش و دوگلاس سلێمان باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا، ئەوەیە ئەوان هەتا ئێستا پێیانوایە دەکرێت پرۆژەی جێبەجێکردن و بەدیهێنانی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی لە عێراقی دوای داعش مومکین بێت و عێراق ئەو توانایەی ماوە کە بتوانێت جارێکی دیکە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بونیاد بنرێتەوە، یان پرۆسە سیاسیەکەی ڕێکبخرێتەوە.

بەڵام راستیی کێشەکە لە واقیعدا ئەوە

■ ئامانجی ریفراندۆمی کوردستان بۆ ئەوەیە شەڕ لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بێت و ئاشتی و برایەتی و هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان نەتەوەکان دروست بێت بۆ ئەوەی سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانی خۆمان بین، نەک ئەوەی هەشمانە بیدەین بە تەقەمەنی و ماڵی یەکتری پێ کاول بکەین

■ لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بە عێراقیشەوە بەهۆی ریفراندۆمەوە تووشی هەناسەسواری و هەڵچوونی لە رادەبەدەر بوون، هەنگاوی یەکەمی گەلی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە وادەخوازێت، بەتوندی پێداگیری لەسەر ئەو دەستکەوتانە بکات کە ریفراندۆم بەدەستی هێناوە، لە هەمانکاتدا نەفس درێژ و هێمن بێت هەتا کەفوکوڵی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ دەنیشێتەوە و ئەو واقیعە تازەیە قبووڵ دەکەن



**دوانەخستنی پرۆسەی ریفراندۆم لە لایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خەڵکی کوردستان لە روانگەیەوە نەبوو کە گەلی کوردستان دەیەوێت تەحەدداى تەواوی ئیرادەی ئیقلیمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، بەڵکو سووربوونی گەلی کوردستان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم تاقیکردنەوەی ئاستی راستگۆیی جیهانی ئازاد بوو لە بەرامبەر رێزگرتنیان لە بنەماکانی دیموکراتی و مافی گەلان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان**

**گەلی کوردستان دەبێت ئەو راستییەی لا ئاشکرا بێت، کە بە دەنگدانی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چ گێژەلووکە و بوومەلەرزەیەکی لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست کردووە، هەروەها دەزانن کە دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی و عێراق و دراوسێکانی کوردستان، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون کە گەلی کوردستان بتوانێت لەئێستادا ئەم بڕیارە بوێرانەیە بدات و ریفراندۆم ئەنجام بدات**

نییە کە کوردستان نەیویستووە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بە پێی دەستووری ٢٠٠٥ بمێنێتەوە، یان وەك ئەو دیپلۆماتکارە کەم ئەزموونانە وای دەدەنێن کە کوردستان ئەم ئاراستەیە رەتدەکاتەوە، بەڵکو راستی و کرۆکی کێشەکە ئەوەیە ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە کوردستان هاوار دەکات و هەموو جیهانی تێگەیاندووە و راشکاوانەش چەندین جار لەگەڵ سەرۆك ئۆباما باسی کردووە، ئەگەر نەتوانن سیاسەتی حکومەتی عێراق راست بکەنەوە و رێگری لێ نەکەن بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا کوردستان ناتوانێت جارێکی دیکە ببێتەوە بە بەشێك لە عێراقێکی دیکتاتۆری، بەڵام وەك هەموو جیهان شاهیدە، لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو لەلایەن ئەمریکا گوێ لەو هەموو هاوارەی کورد نەگیراوە و لەمەش خراپتر نەیانتوانیوە ئاراستەی حوکمڕانی لە عێراقدا راست بکەنەوە، تەنانەت ئەو کەسانەشی کە لە چوارچێوەی گرووپە ئاست بەرزەکاندا ماوەی زیاتر لە ١٦ مانگ توێژینەوە و دیراسەتیان کردووە، گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە جارێکی دیکە کێشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق چارەسەر ناکرێت و دەبێت جاری یەکەم پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا راست بکرێتەوە، ئەوجا کوردستان و عێراق لەسەر پەیوەندی ئایندەیان وتووێژ بکەن.

لە ئێستای عێراقدا کە باسی دەستوور دەکرێت و داوا دەکرێت بەو دەستوورە پابەندبوون هەبێت، خاڵێکی شاراوە هەیە کە خەڵکی زۆر بەئەزموون و شارەزا نەیێت هەستی پێناکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەدوای کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشاونەتەوە و سیاسەتمەدارانی شیعە بوونەتە دەسەڵاتداری رەها لە عێراقدا، کۆی ئەو دامەزراوانەی بەهاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ عێراق دامەزراوان، بۆ ئەوەی ببنە کۆڵەگەی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی، لەلایەن حکومەتی پێشووی نوری مالیکی-یەوە گۆڕان بۆ دامەزراوەی پارێزگاریکردن لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە، لەوانە دامەزراوەی دادگای فیدراڵی کە ئێستا رۆڵی دادگایەکی شیعە دەگێڕێت، هەروەها دامەزراوەی سیستەمی بەرگریی عێراق کە ئێستا بۆتە دامەزراوەی سیستەمی بەرگری لە شیعە، بنەمای دەستووری عێراق کە بریتییە لە ڤیتۆی پاراستنی کەمینەکان و تەوافق لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، ئێستا بۆتە پەرلەمانی تایفەگەرای شیعە و چ یاسا و بڕیارێکیان بوێت، دژی عەرەبی سوننە و گەلی کوردستان بە زۆرینەو کەمینە تێی دەپەڕێنن، بۆیە وەك ئەو خەڵکە پسپۆڕ و شارەزایانە ئاماژەی پێدەکەن، ئەگەر ئەرکی راستەقینەی دەستوور لە بنەڕەتدا بۆ بونیادنانی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و گەرەنتی مافی هەموو پێکهاتەکان دارێژدرابێت، ئەوا ئێستا ئەو ئەرکەی دەستوور خزاوە و گۆڕاوە بۆ بۆ بونیادنانی کۆمارێکی ئیسلامی شیعە لە عێراقدا وەك کۆپی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، لەم حاڵەتەشدا وەك ئەفسەر هەواڵگری ئەمریکا لە عێراقدا، مایکل پریجنت راشکاوانە ئاماژەی پێکردووە، سووربوون لەسەر



ئەوەی دەتوانن دەوڵەتێکی فیدڕاڵی لە عێراقدا بە سەرکەوتوویی دابمەزرێنن، ئەمە دووبارەکردنەوەی شکستی ١٠ساڵی پێشووە، ئێستا داکۆکیکردن لەسەر مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، یان ئومێد هەڵچنین لەسەر ئەوەی عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی، بۆتە ئەوەی کە ئەمریکا دەست لە عێراق هەڵبگرێت و تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات، ئەم ئاراستەیە کە سیاسەتی ئێستای ئەمریکا کارئاسانی بۆ دەکات لە عێراقدا، وەك مایکل پریجنت ئاماژەی پێدەکات، گەورەترین پەڵەی شەرمەزاری دەبێت لە بەرامبەر خوێنی ئەو جەنگاوەرانەی ئەمریکا کە لە عێراقدا گیانی خۆیان بەخشی، ئەمەش بەو مانایەی جەنگاوەرانی کوڕان و کچانی ئەمریکا بۆ ئەوە نەهاتن لە عێراق خۆیان بە کوشت بدەن بۆ ئەوەی کۆمارێکی دیکەی ئیسلامی لە عێراقدا دابمەزرێنن، بەڵکو ئامانجیان ئەوە بوو عێراق ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتووی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە لە ئێستادا کە دەرکەوتووە ئەم ئامانجە شکستی هێناوە، باشترین ڕێگە بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان هەلێکی گرنگی بۆ ئەمریکا هێناوەتە پێشەوە و پێویستە پشتگیری لێ بکریت و دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنرێت.

ئەو بۆچوونانە لەناو رای گشتی ئەمریکا و ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەو میدیادا، ڕۆژ لەدوای لە زیادبووندایە، بەڵام دیسان پێویستی بە نەفەسی درێژ و هەوڵی زیاتری کوردستان هەیە بۆ ئەوەی زیاتر دۆستەکانمان لە ئەمریکا و لەناو ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی لەو هەنگاوەدایە کە کوردستان هەڵیگرتووە و بەپێچەوانەشەوە ئەو ئامانجە ستراتیژییەی کە ئەمریکا لە پێناویدا شەڕی دژی داعشی کرد، سەرەنجام بێ ئاکام دەبێت.



ئیرک براون
توێژەر لە ئامۆژگای هادسۆن:

# باشترین بژارە بۆ ئەمریکا ئەوەیە دان بە ئاکامی ریفراندۆمی کوردستاندا بنێت و ئەو هەلەی بۆی هاتۆتەپێش لە دەستی نەدات

**ئیریك براون گەورە شرۆڤەكاری ئامۆژگای هادسۆن و تایبەتمەندە لە سەر دیراسەتی كاروباری ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پەرەپێدان، هەروەها بایەخ بە پرسەكانی بەدیلی جیۆپۆلیتیكیی ئاینده و دیپلۆماتییەت و ستراتیژیەتی ئەمریكا دەدات. لە پەنێڵكدا كە ئامۆژگای هادسۆن بە ناونیشانی: (عێراق دوای ریفراندۆمی كوردستان) رێكیخستبوو، ئیرك براون شرۆڤەی وردی ریفراندۆم و ئاكامەكەی كردو رەخنەی توندی لە سیاسەتی وڵاتەكەی گرت و دوای كرد ئەمریكا بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوەو لە بری ئەوەی ریفراندۆم رەتبكاتەوە، بۆ بەرژەوەندیی ستراتیژی ئەمریكا واباشترە دان بە ئاكامی ریفراندۆمەكەی كوردستاندا بنێت و ئەو هەلەی بۆی هاتۆتەپێشەوە لە دەستی نەدات.**

«دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمی كوردستان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و زۆر وڵاتی دیكەش دژی ئاكامەكەی وەستانەوە، بەڵام ئەمریكا هەڵەیەكی گەورە دەكات ئەگەر تاسەر لەسەر ئەم هەڵوێستەی بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ئێستا ئەگەر ئەمریكا بیەوێت، ئەم ریفراندۆمە هەلێكی بۆ ئەمریكا دروست كردووە كە دەتوانێت دووبارە كۆنترۆڵی خۆی لەسەر بارودخەكە بهێڵێتەوە. هەر بۆیە پێمواپە رێگرتن لە جێبەجێكردنی ئاكامی ریفراندۆمەكە دەبێتە هۆكاری ئەوەی ئەمریكا هەلێكی گرنگ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئاسایش لە عێراق و سووریاش لە دەستی خۆی بدات.

ئەو بنەمایانەی كە ریفراندۆم و ئاكامەكەی لەسەر رەتدەكرێتەوە، بریتین لە زانیاریی هەڵە و شرۆڤەكردنێكی سەرچیغانە، بەبێ ئەوەی واقیعەكە وەك خۆی بخوێننەوە.

ئەو بنەمایانەی كە ریفراندۆم و ئاكامی ریفراندۆمی لەسەر رەتدەكرێتەوە بریتین لە:

١. كورد لە بارودۆخی شەڕی دژی داعشدا هەوڵیداوە ئەم پرۆسەیە ئەنجامبدات، بۆیە ناتوانێت ریفراندۆمێكی رێكوپێك و ئاشتییانە پیادە بكات.

٢. باس لەوە دەكەن تەنگژەیەكی گەورەی سیاسی لەنێوان هەردوو پارتە سەرەكییەكە، پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان بوونی هەیە، ئەمە بێجگە لە ناو حزبە بچووكەكانیشدا كێشە هەیە.

٣. پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەت كە لە ٢٠٠٣وە زۆر بەخێرایی دەستی پێكردووە تا ساڵی ٢٠١٤، ئێستا ئەو پرۆسە لە كوردستان وەستاوەو گوشارێكی گەورەی مرۆیی و ئابووری لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان هەیە، ئەمەش كۆمەڵێك تەنگژەی لەنێوان پارتە سیاسییەكان دروستكردووە.

٤. تێڕوانینێك هەبوو بەوەی گوایە ئێران رۆڵێكی زۆر خراپ لەسەر ریفراندۆمەكە دەگێڕێت و هەوڵ دەدات هەموو ئەو كێشە كەڵەكەبووانەی لەنێوان حزبە سیاسییەكانی كوردستان هەیە، دووبارە بەكاریان بهێنێت و بارودۆخەكە ئاڵۆزتر بكات.

بەڵام دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەكە دەركەوت ئەو هەموو شرۆڤانەی بۆ بارودۆخەكە كرابوون، هەموویان سەرچیغ چووبن و لەسەر بنەمای زانیاری هەڵە ئەو بۆچوونانە رۆنرابوون، هەر بۆ نموونە:

- هەندێك لەو لایەنە سیاسیانەی كوردستان كە هەتا رۆژی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم رێگر بوون لە ئەنجامدانی پرۆسەكە، پاشان لە دواییدا هەموویان پشتگیری خۆیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پیشاندا و بە (بەڵێ) دەنگیان دا، وەك كۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕان.
- كاتێك سەرۆك مسعود بارزانی لە ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە ناو جەماوەرێكی گەورە لە سلێمانی دەركەوت، ئەمە مانای ئەوە بوو كە یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە تەواوەتی پشتگیری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەكەن .
- ریفراندۆمەكە زۆر بە ریكۆپێكی و ئاشتییانە ئەنجامدراو لەناو پرۆسەكە چاودێری سیاسی و نێودەوڵەتی هەبوون كە چاودێریی پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەكەیان كردووە.
- پرۆسەی ریفراندۆم چۆن پێش ئەنجامدانی جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەكات، ئێستاش ئەو ئامادەباشییە هەیە بۆ ئەو دانوستاندنە لەسەر بنەمای ئاكامی ریفراندۆمەكە بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ریشەیی

**ئامانجی سەرەكیی ئەمریكا لە تێكشكاندنی داعش ئەوەیە كە بتوانێت هەندێك لە هاوسەنگی ئەمنی بونیاد بنێت و ئەم هاوسەنگییە كاریگەر بێت و بتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت، بۆیە ئەگەر شەڕی دژی داعش ئەم ئاكامە بەدەست نەهێنێت، ئەوا ئەوەی تائێستا بۆ شەڕی داعش كراوەو ئەوەشی لە داهاتوودا دەكرێت، هەر هەمووی بە خەسار دەچێت**

**ریفراندۆم وەک پرۆسەیەكی سەركەوتوو بووە هۆكاری ئەوەی كورد زیاتر یەكگرتوو بن. هەروەها بۆتە هۆكاری ئەوەی كە تەنگژە و ئاڵۆزی لە نێوان حزبە سیاسییەكانی كوردستان هێور بكاتەوە**

پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان دیاری بکرێتەوە.

● ریفراندۆم وەک پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بووە هۆکاری ئەوەی کورد زیاتر یەکگرتوو بن. هەروەها بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تەنگژە و ئاڵۆزی لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان هێور بکاتەوە.

ئەرکی داهاتووی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوەیە کە تاچەند دەتوانن ئەم بارە قورسە سیاسییە بگۆڕن بۆ کارێکی قورسی دیکە کە ئەویش بونیادنانی دامەزراندنی دامەزراوەکانی حوکمڕانییە.

سەبارەت بەم خاڵە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ئەمریکا ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی بیکات بۆ سەرکەوتنی ئەم هەوڵانە دەیکات؟ دەبێت ئەمریکا بەو جۆرە سەیری ئەم حکومەتە پێشکەوتووەی کوردستان بکات، بەوەی ئایا تاچەند کوردستان جێگەی بایەخی ستراتیژ و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە؟

بەداخەوە ئێمە وەک ئەمریکا بەردەوام کارمان لەسەر ئامانجێکی هەڵە کردووە، کە ئەویش دروستکردنی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی بووە، ئەمە سیاسەتی ئەمریکا بووە لەماوەی رابردوودا، بەڵام لەبری ئەوەی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی دابمەزرێت، دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا زیاتر بەرەو سەنترالییەکی فراوان هەنگاوی هەڵگرت، بۆیە لە قۆناخێکی زۆر گرنگدا نەتوانرا هەموو هەوڵەکان لەگەڵ کوردستان و عەرەبی سوننە بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی جۆرێک لە هاوسەنگیی دەسەڵات لە عێراقدا دروست بکاتەوە و رێگە بۆ فیدراڵیزمێکی راستەقینە خۆش بکەین. هەر بۆیە ئێستا دوو بژارە لەسەر مێزەکە بوونیان هەیە:

یەکەمیان: سەبەرخۆییەکی راستەقینە بۆ کورد، لەسەر ئەم بژارە کوردیش خوازیاری ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە بە دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بگەیەنێتە ئەنجام.

دووەم: کۆنفیدراڵییەکی راستەقینەی کوردستان لەگەڵ عێراقدا، ئەمەش بە مانای ئەوەی کوردستان هەموو مافەکانی سەروەری لەسەر خاکەکەی خۆی هەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکی ماناداریشی لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە بمێنێتەوە.

بە بۆچوونی من زۆر گرنگە ئەمریکا سوود لەم هەڵە وەربگرێت و رێز لە ئاکامی ریفراندۆمی خەڵکی کورستان بگرێت، هەروەها دەبێت ئەوەی لەبەر چاو بێت، ئێمە هاوپەیمانێکی راستەقینەمان لەسەر ئەرز هەیە کە کوردەکانن و ئەوان دەیانەوێت کار لەگەڵ ئەمریکا بکەن، هەر بۆیە دەبێت ئەمریکا هەوڵبدات یارمەتی تەواوی ئەم دۆست و هاوپەیمانەی لە بونیادنانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی بدات بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی خۆیان بونیاد بنێن. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەمریکا بەرهەڵستی ریفراندۆم بکات، ئەوا ئەم هەڵوێستەی تەنیا زیاتر بۆ کورد نییە، بەڵکو هەڵوێستی ئەو کەس و لایەنانەش لاواز دەکات کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق خوازیاری ئەوەن نفووزی ئێرانی لە عێراقدا سنووردار بکەن.

ئێستا لە عێراقدا نفووزی ئێرانی بە رادەیەک بەرزە کە زۆر جار ئەمریکا بەو سیاسەتەی هەنگاو بەرەو سەروەریی هاوبەش لە عێراقدا لەگەڵ ئێران هەڵدەگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رۆژ لە دوای رۆژ نفووزی ئێرانی لە بەغدا و رۆژئاوای عێراق زیاتر دەبێت.

ئەو فاکتەرانەی دەبنە بنەمای ئەو بۆچوونانەی ریفراندۆمی لەسەر رەتبکرێتەوە، بەتایبەتی کە سەیری بۆچوونی ئەمریکا بەرامبەر ریفراندۆم دەکەین، ئاشکرایە ئەو فاکتەرانە دەبنە هۆکاری ئەوەی راستییەکانی سەر زەوی بگۆڕێت، هەر بۆیە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە و لە بری ئەوەی بەرهەڵستی ریفراندۆم بکات، پێوستە دان بە ریفراندۆمەکەدا بنێت.

هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمدا باس لەوە دەکرا کە ریفراندۆم دەبێتە هۆکاری ئەوەی تەرکیز لە سەر شەڕی دژی داعش کەم ببێتەوە، بەڵام ئێمە پێناسەیەکی زۆر تەسک بۆ تێکشکاندنی داعش دەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا لە تێکشکاندنی داعش ئەوەیە کە بتوانێت هەندێک لە هاوسەنگی ئەمنی بونیاد بنێت و ئەم هاوسەنگییە کاریگەر بێت و بتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت، بۆیە ئەگەر شەڕی دژی داعش ئەم ئاکامە بەدەست نەهێنێت، ئەوا ئەوەی تائێستا بۆ شەڕی داعش کراوە ئەوەشی لە داهاتوودا دەکرێت، هەر هەمووی بە خەسار دەچێت و هیچ ئاکامێکی ستراتیژی لێ بەرهەم نایەت، کوردستانی عێراق تەنیا ناوچەیە لە عێراق و سووریادا کە هەلێکی زۆر زۆری تێدایە بۆ ئەوەی ئەو ئاکامەی تێکشکاندنی داعش مسۆگەر بکات، هەر بۆیەشە پشتگیری تەواوی ئەمریکا، رێگە راستەکەیە بۆ ئەمریکا.

**کاتێک سەرۆک مسعود بارزانی لە ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە ناو جەماوەرێکی گەورە لە سلێمانی دەرکەوت، ئەمە مانای ئەوە بوو کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تەواوەتی پشتگیری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکەن**

**هەندێک لەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان کە هەتا رۆژی پێش ئەنجامدانی ریفراندم رێگر بوون لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، پاشان لە دواییدا هەموویان پشتگیری خۆیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پیشاندا و بە (بەڵێ) دەنگیان دا، وەک کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕان**




## لیی سمیس:

# پێداگری لەسەر مانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراقێکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئێرانەوە لەدەستدانی دۆستێکی گرنگی ئەمریکایە

ئـەم وتـارە لەلایـەن لـی سـمیس لـە گۆڤـاری ویکلـی سـتاندەری ئەمریکـی بڵاوکراوەتـەوە و لەبـەر گرنگیـی ناوەرۆکـی وتارەکـە لەسـەر هەڵوێسـتی ئەمریـکا بەرامبـەر ئاکامـی ریفراندۆمەکـەو گرنگیـی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـۆ بەرژەوەندیـی ئەمریـکا پۆختەیەکـی بەکـوردی بـڵاو دەکەینـەوە.

ڕۆژی ٢٧ی ئەیلوول بەرپرسانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی بە ڕاددەیەکی گەورە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچووەو کۆتایی هاتووە. کە ڕێژەی بەشداریکردن لە سەدا ٧٢ بوو لە پتر لە ٤,٥ ملیۆن کەس کە مافی دەنگدانیان هەبوو، نزیکەی لە سەدا ٩٣ی بەشداربووانیش دەنگیان لەگەڵ ئەوەدا بوو کە کوردی عێراق خەونی لەمێژینەی خۆی بهێنێتەدی کە سەربەخۆییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەنگدانەکە پابەندکار نییە و زۆرێك لە شیکەرەوەکان باوەڕیان وایە ریفراندۆمەکە بە ڕاددەیەکی گەورە بۆ باشترکردنی پێگەی گفتوگۆکردنی هەرێمی کوردستان بووە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە حکومەتی مەرکەزی عێراقی- ئیدی یان ئەوەتا کورد دەسەڵاتی زیاتری هەبێت لە بەغدا، یاخود بۆ ئەوەیە کورد ڕاددەیەکی زیاتری خۆبەڕێوەبەری بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات و ڕەنگە لە کۆتاییشدا سەربکێشێت بۆ سەربەخۆیی.

بەغدا تەواو بەرهەڵستی ریفراندۆمەکە دەکات و دەنگدانەکە بە نایاسایی لەقەڵەم دەدات. هەردوو دەوڵەتە دراوسێ گەورەکەی عێراق، تورکیا و ئێران دژی وەستاونەتەوە، ترسیان هەیە لەوەی کە سەربەخۆبوونی ٨,٣٥ ملیۆن کوردی عێراقی بۆی هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر دانیشتووانی کوردی وڵاتەکەیان. ئێران سنوورەکانی بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا داخست و تورکیاش هەڕەشەی داخستنی ئەو بۆرییە دەکات کە نەوتی هەرێمی کوردستان دەگوازێتەوە بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا. هەروەها ئەمریکاش بەرهەڵستی ریفراندۆمەکەی کوردستان دەکات، لە ڕاستیدا ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەمە بۆ ئەوان مایەی «نائومێدییەکی قووڵ» بووە، بە بیانووی ئەوەی ئەمە تەرکیز لەسەر شەڕی دژ بە داعش کەم دەکاتەوە، کە تێیدا هەرێمی کوردستان شەریکێکی کارا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانانی سەرەکیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ پێچ و پەنا پشتیوانی لە کوردستانی سەربەخۆ دەکەن. سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتنیاهۆ لە سەرەتای ئەم مانگەدا ڕایگەیاند کە ئیسرائیل پشتیوانی «لەو ڕێگاچارە شەرعییە دەکات کە بە هۆیەوە کورد دەیەوێت دەوڵەتی خۆی بەدی بێنێت.»

ئیسرائیل بە چەشنی زۆرێك لە پشتیوانانی کورد، ئەو ڕاستییە لەبەرچاو دەگرێت کە هەرێمی کوردستان مەیلی بۆ ڕۆژئاوا هەیە. هەرێمی کوردستانیش هەمان هەستی بۆ ئیسرائیل هەیە، کە بینیمان ئاڵای ئیسرائیل لە گردبوونەوەکانی سەربەخۆییدا دەشەکانەوە. زۆرێك لە ئیسرائیلییەکان و چالاکە پشتیوانکارەکان لە ئیسرائیل لەنێو ئەمریکا خەونە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان بە چیرۆکی جوولەکە دەشوبهێنن- گەلێکی بێدەوڵەت کە خاوەنی هەستی نەتەوەییە و لەلایەن جیهانی شارستانییەوە شەڕەکەی فەرامۆش کراوە کە لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووسدا بەرپای کردووە و دەبێتەهۆی هێنانەدی ئاشتی و گەشەکردن. یایر لاپید ئەندام پەرلەمانی ئیسرائیل لە تویتێکدا دەڵێت: «خەڵکی جوولەکە دەزانێت خەباتکردن لە پێناوی بەدەستهێنانی نیشتماندا چییە، کورد لە ڕووی ئەخلاقییەوە مافی ئەوە هەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، من لە ئێستادا هیوای خۆشبەختییان بۆ دەخوازم.»

گومانێکی کەم هەیە لەبارەی هەستی بەرپرسەکانی ئیسرائیل بۆ خەونی بە دەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ کەسێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناتوانێت هەست و سۆز بکاتە بناغەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی. ئیسرائیل وەك هاوپەیمانێك لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ململانێکەیدا لەگەڵ ئێران. قودس باوەڕی وایە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر سنووری ئێران دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم ئەوەی پێیوایە هەڕەشەیەکی ستراتیژی سەرەکییە لە ناوچەکەدا، ئەمەش ئیسرائیل دەخاتەسەر ڕێگایەکی جیاواز لەبەرامبەر ئەمریکا. ئیدارەی ترەمپ باوەڕی وایە کە مەسەلەی سەرەکی لە ناوچەکەدا بریتییە لە تێکشکاندنی داعش، هەر لەم ڕوانگەشەوە بوو کە ڕەخنەی لە ریفراندۆمەکە گرت. هەرچۆنێك بێت، کاریگەریی شەڕی دژ بە داعش بریتییە لە بەهێزکردنی زیاتری پێگەی ئێران- نەك تەنیا لەسەر حیسابی ئیسرائیل، بەڵکو لەسەر حیسابی تێکڕای هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و بگرە خودی ئەمریکا خۆیشی. بەو پێیە، ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان ئەم وێنە ستراتیژییەتەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەق دەکاتەوە. کە پێناچێت ئەم دۆخەی ئێستای ناوچەکەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات.

گرنگە لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرسی کورد نیگەرانییە سەرەکییەکانمان لەبەرچاو بێت، بەتایبەتی کە تا ئێستا زۆرێك لە قسە و باسەکانی پەیوەست بە ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە مەسەلەکانیان تاوتوێ کردووە، بە واتای ئەوەی کوردستانی عێراق قەوارەیەکی سیاسی و کارا و تا ڕاددەیەکی گەورە دیموکراسی بووە و مەیلی بۆ ڕۆژئاوا هەبووە، کە تەواو شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەت. واقیعی حاڵیش ئەوەیە کە زۆر گەلی دیکە هەن شایستەی ئەوەن خەونە نەتەوەییەکانی خۆیان لە فۆرمی دروستکردنی دەوڵەتدا بەدی بهێنن. بەڵام بە داخەوە، مێژوو پڕە لە ڕووداوەکانی تێکشکاندنی گەل و هۆز و نەتەوەکان لە میانەی هەوڵ و خەباتیاندا بۆ هێنانەدی خەونەکانیان. جیوپۆلەتیك باری مێژوو

**کوردستانی سەربەخۆ کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە ڕزگارکردنی ئەمریکا لە سیاسەتی کارەساتباری مەیل بە ئێران کە ئیدارەی ترەمپ لە ئیدارەی پێش خۆی بە میرات بۆی ماوەتەوە**

**لە مانگی ڕابردوو هینری کیسەنجەر ئاماژەی پێکرد کە «لەناوبردنی داعش بوار بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکات کە ڕێڕەوێکی وشکانی دروست بکات لە تارانەوە بۆ بەیروت، کە بۆی هەیە ئەمەش دەستپێکی ئیمپراتۆرییەتێکی ڕادیکاڵی ئێرانی بێت**

**بە گوێرەی هەندێ لە شیکەرەوەکان هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەردۆغان بەم نزیکانە هاوهەڵوێست دەبێتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دەبێتەهۆی نزیککردنەوەی دوو هاوپەیمانی تەقلیدی ئەمریکا. بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا لەوێدا بوونی نییە**

ڕاست ناکاتەوە، بەڵکو هاوکێشەی جیپۆلەتیك ئەوەیە کە هێزەکان بە گەورە و بچووکیانەوە سەرقاڵی برەودانن بە بەرژەوەندییەکانیان. هەر ئەمەش ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێت کە تا ئێستا و ڕەنگە لە داهاتووشدا ئەمە ڕوونەدات، کوردستانی گەورە دروست نەبووە کە هەر ٣٥ ملیۆن کوردەکە لەخۆ بگرێت کە لە ناوچەگەلێکی هاوشان بەیەکدا دەژین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە پێکدێن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و بەشێکی گەورەی ڕۆژئاوای ئێران.

با لە هاوپەیمانە سەرەکییەکەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەست پێبکەین، کە مەبەستمان ئیسرائیلە کە ئەم مەسەلە ستراتیژییە بە ڕوونی دەبینێت. لەبەر ئەوەی ئێران کێشەی سەرەکییە لە ناوچەکەدا، بوونی دەوڵەتێکی دۆست بە ئیسرائیل لەسەر سنووری ئێران پەرەسەندنێکی تەواو ئیجابییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لاواز دەبێت لەبەردەم هێزی گەورەی وەك ئێراندا لەسەر سنوورەکەی، بۆیە تاکە ڕێگە بۆ ڕێگەگرتن لە ئێران تاوەکو نەتوانێت ئەم هەوڵەی کورد لەبار ببات، ئەوەیە تورکیا بێتە ناو پرۆژەکەوە، ئەگەر بە سادەیی گوزارشتی لێبکەم، ئەوا دەبێت یەکێك لەم دوو وڵاتە، تورکیا، یان ئێران بە تەواوەتی پشتیوانی لە قەوارەی سیاسی و سەربەخۆیی کوردی عێراق بکەن، ئەگەرنا بەردەوام نابێت.

ئەگەر سەرۆکی تورکیا ژیرانەتر، یان کەمتر شەڕانگێزتر، یاخود باشترە بڵێین کەمتر بە ترس و گومانەوە هەڵسوکەوت بکات، ئەوا ڕەنگە ریفراندۆمەکە وەك دەرفەتێك ببینێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی عێراق بکاتە هاوپەیمانێکی باشی تورکیا، بەڵام لەبری ئەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەرهەڵستی ریفراندۆمەکەی کرد و هەڕەشەی داخستنی سنووری لە هەرێمی کوردستان کرد لەگەڵ ئەو بۆرییە کە نەوتی ئەم هەرێمە بۆ سەر دەریا دەگوازێتەوە. مەسەلەکە بە شێوەیەکی سەرەکی خودی هەرێم نییە، کە ئەردۆغان پەیوەندی زۆر باشی هەبوو لەگەڵیدا. تورکیا لەوە دەترسێت کە ریفراندۆم کە بەڵێنی هێنانەئارای قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆی کوردی هەڵگرتووە، ببێتەهۆی خۆشکردنی ئاگری شەڕی پەکەکە لە دژی ئەنقەرە. دەبێت ئەردۆغان ڕکابەرە ناوخۆییەکان لەبەرچاو بگرێت کە ڕەنگە تۆمەتباری بکەن بەوەی هەڵوێستێکی نەرمی گرتۆتەبەر لە ئاست پرسی کورددا.

هەندێ لە شرۆڤەکاران بە هەڵە ریفراندۆمی کوردستانیان بە ئامرازێك لە دژی ئەردۆغان لێکدایەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەردۆغان هاوپەیمانێکی گرفتائمێزی ئەمریکا و تەنانەت خراپترە بۆ ئیسرائیل.

نەتنیاهۆ دەزانێت کە پشتیوانیی تورکیا بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە، ئەگەرنا نابێتە بەشێك لە بونیادێکی ئەمنی مەیل بە ئەمریکا بۆ بەرگریکردن لە دژی ئێران. بە گوێرەی هەندێ لە شیکەرەوەکان هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەردۆغان بەم نزیکانە هاوهەڵوێست دەبێتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دەبێتەهۆی نزیککردنەوەی دوو هاوپەیمانی تەقلیدی ئەمریکا. بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا لەوێدا بوونی نییە.

ئەوە مایەی تێگەیشتنە کە واشنتۆن خوازیاری عێراقێکی یەکگرتوو بێت، ئەو وڵاتەی کە گیانی هەزارن ئەمریکی تێیدا بەخت کرا و چەندین ترلیۆن دۆلاری ئەمریکای تێدا خەرج کرا بۆ ئەوەی لە سەدام حوسێن و دواتر لە ئەلقاعیدە- کە دواتر داعشی بەدواداهات- ڕزگار بکرێت. کێشەکە ئەوەیە لە ئێستادا بەغدا لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە. بەڵێ ئەوە ڕاستە کە ئیدارەی ئۆباما بە ڕادەیەکی گەورە کلیلی عێراقی دایە دەستی سوپای پاسداران. بەڵام درێژەدان بە شەڕی دژ بە داعش لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی ئێران لە عێراق و سووریا و لوبناندا.

هەروەك لە مانگی ڕابردوو هینری کیسەنجەر ئاماژەی پێکرد کە «لەناوبردنی داعش بوار بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکات کە ڕێڕەوێکی وشکانی دروست بکات لە تارانەوە بۆ بەیروت، کە بۆی هەیە ئەمەش دەستپێکی ئیمپراتۆرییەتێکی ڕادیکاڵی ئێرانی بێت.» ئەوەی کیسەنجەر ئاماژەی پێدەکات ئەو ڕاڕەوەیە کە زۆر باسی لێوە دەکرێت و لە بەیروتەوە و بە تێپەڕبوون بە دیمەشق و بەغدا بۆ تاران درێژ دەبێتەوە. ئەمەش لە ئێستادا بەرپرسەکانی ڕۆژئاوا و عەرەبی سەرقاڵ کردووە. هەروەها ئەم کێشەیە ڕەهەندێکی دیکەشی هەیە کە کەمتر سەرنجی لەسەرە، ئەوە تەنیا ئێران نییە، بەڵکو ڕووسیاشە کە دەستڕۆیشتوویی خۆی بەرفراوان دەکات، ڕێڕەوی وشکانی ئێرانیش بە مانای کەمبوونەوەی پانتایی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا دێت.

دەبێت سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستاندا لەم ڕوانگەیەوە لێکبدرێتەوە: چونکە پێداگریکردن لەسەر ئەوەی دەبێت کوردستانی عێراق وەك بەشێك لە عێراقێکی یەکگرتووی کۆنترۆڵکراو لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بمێنێتەوە، بە مانای لەدەستدانی قەوارەیەکی بەهاداری مەیل بە ئەمریکا و مەیل بە ئیسرائیل لە دژی ئێران دێت. بەپێچەوانەوە، کوردستانی سەربەخۆ کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە ڕزگارکردنی ئەمریکا لە سیاسەتی کارەساتباری مەیل بە ئێران کە ئیدارەی ترەمپ لە ئیدارەی پێش خۆی بە میرات بۆی ماوەتەوە.

**تورکیا لەوە دەترسێت کە ریفراندۆم کە بەڵێنی هێنانەئارای قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆی کوردی هەڵگرتووە، ببێتەهۆی خۆشکردنی ئاگری شەڕی پەکەکە لە دژی ئەنقەرە. دەبێت ئەردۆغان ڕکابەرە ناوخۆییەکان لەبەرچاو بگرێت کە ڕەنگە تۆمەتباری بکەن بەوەی هەڵوێستێکی نەرمی گرتۆتەبەر لە ئاست پرسی کورددا**

**یایر لاپید ئەندام پەرلەمانی ئیسرائیل لە تویتێکدا دەڵێت: «خەڵکی جوولەکە دەزانێت خەباتکردن لە پێناوی بەدەستهێنانی نیشتماندا چییە، کورد لە ڕووی ئەخلاقییەوە مافی ئەوە هەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، من لە ئێستادا هیوای خۆشبەختییان بۆ دەخوازم**

**ئەمریکا ڕایگەیاند کە ریفراندۆمەکەی کوردستان بۆ ئەوان مایەی «نائومێدییەکی قووڵ» بووە، بە بیانووی ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی دژ بە داعش کەم دەکاتەوە، کە تێیدا هەرێمی کوردستان شەریکێکی کارا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانانی سەرەکیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ پێچ و پەنا پشتیوانی لە کوردستانی سەربەخۆ دەکەن**





# ئاڵای سەر کەژاوەی تەرمی مام جەلال

# ئەو یەکرێزییەی بەرجەستە کرد کە دوای ریفراندۆم کوردستان پێویستیەتی

کۆچی دوایی سەرۆك مام جەلال کەلێنێکی هێندە گەورەیە بۆ کوردستان کە ڕەنگە بەئاسانی پڕنەکرێتەوە، بەڵام مەراسیمی پرشکۆی بە خاکسپاردنی مام جەلال پێی گوتین بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەموو کەلێنەکان پڕدەبنەوە و دەشتوانن بەسەر ئەو هەڕەشە و تەحەددییانەشدا زاڵ بن کە دژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی رووبەڕووی ئێستای کوردستان بۆتەوە.

هێز و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق بەگشتی و دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعە لە بەغدا، بەنیازی ئەوە بوون مەراسیمی ماتەمی مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق، بکەنە بۆنەیەکی عێراقی و وەك کارتێکی دژ و گوشار دژ بە ئاکامی دەنگدانی بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان بەکاری بهێنن، بەڵام بە جێبەجێکردنی وەسیتەکەی خۆی بەوەی ئاڵای کوردستان لە تەرمەکەیەوە بپێچرێت، ئەو خەونە زڕەی عروبەی عێراق و تائیفییەتی شیعەی عێراقی لە گۆڕ نا و مەراسمی ماتەمی گۆڕی بۆ کەرنەڤاڵی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و یەکخستن و یەکگرتنی تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە ئاکامەکانی ریفراندۆم و رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی کوردستان دەبنەوە.

راستە مام جەلال دوو خولی لە سەریەك واتە بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆك کۆماری عێراق بووە، بەڵام بۆچوون و تێڕوانینی مام لەسەر ئەم پۆستە زۆر لەوە جیاواز بوو کە عەرەبی عێراق پێیانوابوو، پێدانی ئەم پۆستە بە کورد لە پێناوی ئەوەیە بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت بیر لەسەربەخۆیی بکاتەوە، بەڵام لای مام بۆچوونەکە تەواو پێچەوانەی ئەو شۆڤێنییە عەرەبانە بوو، ئەو بەو جۆرە سەیری پۆستی سەرۆك کۆماری وەك پشکی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا دەکرد، بۆ ئەوەی عێراق وەك نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب و پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق وەك پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە پێناسە بکاتەوە، بە واتایەکی فراوانتر مام جەلال سەمام ئەمانی یەکپارچەیی عێراق نەبوو، وەك عێراقێکی دیکتاتۆری، بەڵکو سەمام ئەمان بوو بۆ ئەوەی ئەقلییەتی شۆڤێنی عەرەبی وەرچەرخانی بەسەردا بێت و چیتر بەو شێوازە شۆڤێنییە سەیری کورد نەکرێت کە عێراق تەنیا نیشتمانی عەرەبی عێراقە، بەڵکو عێراق کە بەزۆر کوردستانی پێکەوە نراوە و بەزۆر عێراقی لێ دروستکراوە، چۆن نیشتمانی عەرەبی عێراقە، ئەوا کوردستانیش خاك و مافی گەلی کوردستانە بەتەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانیەوە، بۆیە هەر کاتێك گەیشتە ئەوەی کە عەرەبی عێراق ئەم مافەی کورد ڕەتبکەنەوە، ئەوا گەلی کورستان مافی خۆیەتی کە ئەو مارەبڕینە زۆرەملێیە هەڵبوەشێنێتەوە کە پێش ١٠٠ ساڵ لە چوارچێوەی سایکس – پیکۆدا ئاهەنگی زەماوەندی بۆ گێڕاوە.

لایەنێکی دیکەی مەراسیمی پرشکۆی بە خاك سپاردنی مام جەلال، چاو هەڵنەهاتنی نوێنەرانی حکومەت و پەرلەمانی عێراق بوو بەو کەرناڤاڵە کوردستانییەی کە هەموو گەلانی کوردستانی لەژێر سێبەری یەك ئاڵادا کۆکردبۆوە، ئەم دیمەنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بەجۆرێك بەشێك نوێنەرانی حکومەت و پەرلەمانی عێراقی دووچاری شڵەژان کردبوو کە نەتوانن هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت، پاش ئەوەی سەدمەی ئەو دیمەنە بەریدان، ئەوجا کەوتنە بۆڵەبۆڵ و گلەیی بەوەی نەدەبوو ئاڵای کوردستان بەتەنیا لە تەرمی مام جەلالەوە بپێچرێت و دەبوو ئاڵای عێراقیشی لەگەڵدا بوایە، بەڵام ئەم هەڵوێستەیان دوای ئەوە بوو کە هەموویان لە مەراسیمەکە بەشدارییان کرد و تاجەگوڵینەیان لەسەر تەرمەکەی دانا، بۆیە ئەو جۆرە گلەیی و بۆڵەبۆڵە تەنیا ئاماژە بوو بۆ ئەوەی دۆڕاندنی بیرکردنەوەی شۆڤێنی و پیلانی دوژمنکارانەیان بۆ عێراقییەکان و جیهان ئاشکرا بکەن و، بە دەنگی بەرز رایبگەیەنن کوردستان بڕیاری خۆی داوەو جارێکی دیکە نابێتەوە بە بەشێك لەعێراق.

## ● سەرۆك بارزانی بۆ کۆچی مام جەلال: براو هەڤاڵ و پشتیوانێکی خۆمم لەدەست دا

پرسەنامە ڤیدیۆییەکەی سەرۆك بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆك مام جەلال، ئاماژەیە بۆ بایەخ و گرنگیی سەرۆك مام

**سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستاندا بەندە بە ئاستی کاری جددی و پێکەوەیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوا ئەم قۆناخە وا پێویست دەکات، سەرۆک بارزانی بە یەک مەسافە لە نێوان پارتی و یەکێتی رابوەستێت و چەترێکی هێندە فراوان بێت کە جێگەی چەترەکەی مام جەلال بگرێتەوە، هەتا ئەگەر ئەمە پێویستی بە هەندێک قوربانیدانی حزبییانەی لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەبێت**

**سەرۆک بارزانی لەبەر ئەوەی ئەزموونی پێکەوە کارکردن و بیرکردنەوەی سەروو حزبایەتی لەگەڵ مام جەلال تاقی کردۆتەوەو خاوەنی ئەزموونێکی گەورەن لەم بوارەدا، ئەوا وەک چۆن لە رۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە کەرنەڤاڵی ریفراندۆم لە سلێمانی رایگەیاند، ئێستا هەموومان یەک حزبین، ئەویش حزبی کوردستانە، دەبێت لەقۆناخی دوای مام جەلالدا، سەرۆک بارزانی ئەم قسەیەی خۆی بکاتە نەخشەڕێگە بۆ سەرکەوتنی ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی دوای ریفراندۆم**

جەلال لای سەرۆك بارزانی، هەروەها ئاماژەیە بۆ کاریگەری ئەم کۆستە لە ناخی بارزانیدا.

سەرۆك بارزانی لەیەکەم لێدوانیدا بە بۆنەی ئەم کۆستە گەورەیە رایگەیاند:(بە لەدەستدانی سەرۆك مام جەلال من براو هەڤاڵ و پشتیوانێکی خۆمم لە دەستدا)، سەبارەت بەم چەند وشەیەی کە بارزانی لەدەستدانی مام جەلالی پێ دەربڕیوە، دیارە ئەوانەی شارەزای سایکۆلۆژیەتی ئەو سەرۆکەن، دەزانن کە بەڕێز مسعود بارزانی زۆر بەوردی وشەکان بۆ دەربڕینی هەموو رووداو و کارەساتێك هەڵدەبژێرێت، بۆیە کاتێك نیگەرانی خۆی بۆ کۆچی مام جەلال وەك لەدەستدانی (برا و هەڤاڵ و پشتیوانی خۆی) وەسف دەکات، ئەوا بە کردەیی لای سەرۆك بارزانی، سەرۆك مام جەلال (برا و هەڤاڵ و پشتیوانی) بووە، بۆیە لێرەوە گرنگە هەڵوێست لەسەر هەر سێ وشەکە بکەین و بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. لەگەڵ ئەوەی سەرۆك مام جەلال بەتەمەن لەسەرۆك بارزانی گەورەترە، بەڵام سەرۆك بارزانی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە (لەساڵی ١٩٦٢) بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، سەرۆك مام جەلالیش لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول یەکێك لە فەرماندەکانی ئەو شۆڕشە بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە مێژووی پێشمەرگایەتی سەرۆك بارزانی و سەرۆك مام جەلال یەك سەردەم و یەك شۆڕش بووە و پێکەوە هەڤاڵ بوون لەناو یەك شۆڕشدا کە ئەویش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە.

٢. لەماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵی رابردووی خەباتی پێکەوەیی نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی، جۆرێك لە تێگەیشتنی دەوڵەتمەدارانە لەنێوان هەردوو سەرۆك هاتەئاراوە، هەردووکیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی پێویستە بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی (پارتی و یەکێتی) وەلا بنرێت و هەموو تواناکانی هەردوو لایان بۆ بەرژەوەندیی گشتی تەرخان بکرێت و پێکەوە خەمی سەرەکییان ببێتە ئەوەی جارێکی دیکە شەڕی شوومی ناوخۆ روونەداتەوە و بەرەو ئامانجە رەواکانی گەلی کورستان هەنگاو هەڵبگرن، ئەم لێکتێگەیشتنە بارزانی کردە برایەکی دڵسۆز بۆ تاڵەبانی و بە پێچەوانەشەوە تاڵەبانی کردە برایەکی دڵسۆز بۆ بارزانی و توانییان وەك دوو جوامێر ئەرکە سەختەکانی قۆناخەکە بخەنە سەرشانی خۆیان. لێرەوە گرنگە ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە ئەم لێکتێگەیشتنە برایانەی نێوانیان لەگەڵ ئەوەی بۆ هەردوو لایەنی (پارتی و یەکێتی) کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی مام جەلال توانی بە هاوشانی بارزانی شانبداتە بەر ئەم ئەرکە قورسە، سەرەنجام بووە هۆکاری ئەوەی کە لەماوەی چەند ساڵێکدا زەمینەی ئەوە خۆش بکرێت کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی بۆ کوردستان بگێڕنەوە و هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانیش لە چوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەك بگرنەوە.

٣. ئامانجی لێکتێگەیشتن و کاری پێکەوەیی برایانەی نێوان سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی ئەوە بوو کە ئەگەر لەلایەن پارتییەوە کێشەیەك دروستکرا و زیانی بۆ تەبایی و هاوخەباتی پارتی و یەکێتی هەبێت، بەزوویی سەرۆك بارزانی کۆنترۆڵی بکات، بەهەمان شێوە ئەگەر لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیشەوە هەوڵێکی لەو جۆرە هەبوو، ئەوا مام جەلال بەزوویی کۆنترۆڵی بکات و ریگە نەدات یەکڕیزی و تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی تێکبچێت.

بێگومان بەرهەمی ئەم پێکەوە کارکردنەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هەتا پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ مام جەلال نەخۆش بکەوێت، بەرهەمێکی گەورەی بۆ تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراق و بەرەو پێشەوەبردنی دۆزی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبووە. لە کاتێکدا سەرۆك بارزانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد و سەرپەرشتی تەواوی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی دەکرد و لەسەر ئاستی جیهان ئەزموونی دیموکراتی کوردستان وەك نموونەیەکی سەرکەوتووی دیموکراتی سەیر دەکرا، لەهەمانکات سەرۆك تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق بوو توانیبووی زۆر سەرکەوتووانە ببێتە پارێزەری پێکەوە کۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ببووە هۆکارێك بۆ ئەوەی وێرای شەڕی ناوخۆی خوێناوی

**ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئەو ئاکامە پرشانازییەی کە بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ دەنگیان بەسەربەخۆیی داوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک لە یەکڕیزی دروستکردووە و لەهەمانکاتدا، گرژی و ئاڵۆزیی سیاسیی پێش ریفراندۆمی نێوان لایەنە سیاسییەکانی تا رادەیەکی باش خاوکردۆتەوە**

**نەیارانی کوردو دوژمنە سەرسەختەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و تەنانەت ئەو زانیار و شرۆڤەکارانەش کە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پشتیبان پێ بەستوون، بە شێوەیەکی ئیجابییانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی دوای ریفراندۆم ناکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە وەک ئەوەی واقیعەکە پێوستی پێیەتی، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەنێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بوونی نییە**



**ئەرکی سەرشانی سەرۆک بارزانی لەو خاڵەدا هێجگار قورس بووە کە دوای ئەوەی مام جەلال بە هۆی نەخۆشییەوە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان دوورکەوتەوە، کەسێکی دیکە نەبوو کە بەهەمان ئاستی مام جەلال تێگەیشتنی هاوبەشی لەگەڵدا دروست بکرێت و کێشەکانی لەگەڵدا چارەسەر بکات**

لە نێوان شیعە و سوننەش، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان بە چاوی ئومێدەوە سەیری پرۆسەی سیاسیی عێراق بکەن و هاوکاربن بۆ ئەوەی کێشەکانی عێراق چارەسەر بکرێت.

بەڵام دوای ئەوەی مام جەلال لە ٢٠١٢ نەخۆش کەوت و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك و چەند مانگێك لە نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیا مایەوە و لەپرۆسەی سیاسیی عێراق و کوردستان دوور کەوتەوە، ئەوکاتە دەرکەوت کە ئەرکی سەرشانی بارزانی چەند قورس بووە، چەند بوونی مام جەلال پێویست بووە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە قورسە لەگەڵ بارزانی بەش بکات و پێکەوە بەسەر ئەو کێشە و هەڕەشە و تەحەددییانەدا زاڵ بن کە رووبەڕووی کوردستان دەبوونەوە.

ئەرکی سەرشانی سەرۆك بارزانی لەو خاڵەدا هێجگار قورس بووە کە دوای ئەوەی مام جەلال بە هۆی نەخۆشییەوە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان دوورکەوتەوە، کەسێکی دیکە نەبوو کە بەهەمان ئاستی مام جەلال تێگەیشتنی هاوبەشی لەگەڵدا دروست بکرێت و کێشەکانی لەگەڵدا چارەسەر بکات، بەڵام وەك وەفایەك لەلایەن سەرۆك بارزانی بۆ رۆڵ و بایەخ و گرنگیی سەرۆك تاڵەبانی، دوای ئەوەی بەهۆی نەخۆشییەوە لە پرۆسەی



سیاسی دروورکەوتەوە، سەرۆك بارزانی هەوڵیدا هەرچۆنێك بێت ئەو هاوسەنگییەی نێوان پارتی و یەکێتی بپارێزێت و پێکەوە لە پرسە چارەنووسسازەکانی وەك ریفراندۆم بڕیار بدەن، لێرە بەدواوە کە قۆناخی دوای مام جەلال لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان دەست پێدەکات، زۆر گرنگە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی درێژە بە هەمان بیروبۆچوونی جەنابی مام جەلال بدەن کە چۆن بە تێگەیشتن لەگەڵ سەرۆك بارزانی توانییان قۆناخی سەخت و دژوار تێپەڕێنن و ئاسۆیەکی روون بۆ ئایندەی نەتەوەکەمان بکەنەوە.

**● پرۆسەی سیاسی لە غیابی مام جەلالدا**

**ئەرکی سەرشانی بارزانی زۆر قورستر دەکات**

خاڵی درەوشاوەی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بە بوونی مام جەلال ئەوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوون لەبەر رۆشنایی لێکتێگەیشتی سەرۆك بارزانی و سەرۆك مام جەلال، پێداگیری لەسەر بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی نەکەن و لەسەر پێگە و ئیمتیازات کێشەی گەورە دروست نەبێت.

لەدوای ساڵی ٢٠١٢وە کە بەهۆی نەخۆشییەوە جەنابی مام جەلال بوونی کردەیی لەناو پرۆسەی سیاسی کەم بۆوە، کێشەی سەرەکی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان

**بەرهەمی ئەم پێکەوە کارکردنەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هەتا پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ مام جەلال نەخۆش بکەوێت، بەرهەمێکی گەورەی بۆ تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراق و بەرەو پێشەوەبردنی دۆزی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبووە**

**دوای ئەوەی مام جەلال لە ٢٠١٢ نەخۆش کەوت و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک و چەند مانگێک لە نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیا مایەوە و لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و کوردستان دوور کەوتەوە، ئەوکاتە دەرکەوت کە ئەرکی سەرشانی بارزانی چەند قورس بووە، چەند بوونی مام جەلال پێویست بووە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە قورسە لەگەڵ بارزانی بەش بکات و پێکەوە بەسەر ئەو کێشە و هەڕەشە و تەحەددییانەدا زاڵ بن کە ڕووبەڕووی کوردستان دەبوونەوە**

**سەرۆک تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بوو توانیبووی زۆر سەرکەوتووانە ببێتە پارێزەری پێکەوە کۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ببووە هۆکارێک بۆ ئەوەی وێڕای شەڕی ناوخۆی خوێناوی لە نێوان شیعە و سوننەش، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان بە چاوی ئومێدەوە سەیری پرۆسەی سیاسیی عێراق بکەن و هاوکاربن بۆ ئەوەی کێشەکانی عێراق چارەسەر بکرێت**

ئەوە بوو کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەیدەتوانی لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی وەك حزب بڕیاری گەورە و چارەنووسساز بدات، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی ئەو چەتری چاودێرییەی لەسەر لاچووبوو کە مام جەلال لەژێر پەردەی بەرژەوەندی گشتیی گەلی کوردستاندا بڕیاری تێدا وەردەگرت.

بۆ ئێستای کوردستان کە قۆناخی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستانە و دەرهاویشتەی ئەم بڕیارە بوێرانەیەشی ئەم ریفراندۆمەی پێ ئەنجامدراو کۆمەڵێك کاردانەوەی نەخوازراوی ئەوتۆی دروست کردووە کە پێویستە کورد یەکڕیز و یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئاستی ئەو کاردانەوە نەخوازراوانە بێت کە ئەم واقیعە دروستی کردووە.

نەیارانی کوردو دوژمنە سەرسەختەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و تەنانەت ئەو زانیار و شرۆڤەکارانەش کە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پشتیان پێ بەستوون، بە شێوەیەکی ئیجابییانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی دوای ریفراندۆم ناکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە وەك ئەوەی واقیعەکە پێوستی پێیەتی، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەنێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بوونی نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی خودی ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئەو ئاکامە پرشانازییەی کە بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ دەنگیان بەسەربەخۆیی داوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان جۆرێك لە یەکڕیزی دروستکردووە و لەهەمانکاتدا، گرژی و ئاڵۆزیی سیاسیی پێش ریفراندۆمی نێوان لایەنە سیاسییەکانی تا رادەیەکی باش خاوکردۆتەوە.

خاڵێکی دیکەی ئەرێنی ئەنجامدانی ریفراندۆم، گۆڕینی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆمە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، ئەم ئەنجومەنە کە پێویستە بۆ ئێستا رۆڵی هەردوو چەترەکەی مام جەلال و سەرۆك بارزانی ببینێت، پارتی و یەکێتی بە پلەی یەکەم و تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام لایەنی نەرێنیی ئەم ئەنجومەنە سیاسییە، ئەوەیە کە گشتگیر نەبووە، واتە پێویستە فراوانتر بکرێت و ئەو حزبانەش لە خۆی بگرێت کە هەتا ئێستا بڕیاریان نەداوە بێنە ناو ئەو پرۆسەیەوە.

واقیعی نزیکەی ٣٠-٤٠ ساڵی رابردووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و دوای ئەویش ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان، راستییەکی گرنگ بۆ شرۆڤەی واقیعی ئێستا و واقیعە جیاوازەکانی قۆناخی پێشوو دەخاتەڕوو، ئەو راستییەش ئەوەیە کە بەردی بناخەی هەموو یەکڕیزی و یەکگرتن و یەکهەڵوێستییەکی گەلی کوردستان، بەندە بە هاوپەیمانیی جددی و پێویستی بە پێکەوەکارکردنی لێبڕاوانەی پارتی و یەکێتی هەیە.

ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و سەرەتای ٢٠١٧، ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای پێکەوەکارکردنی جددی کردە بەردی بناخە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، لێرەدا ئەگەر جەخت لەسەر راستییەکی گرنگ بکەینەوە، کە هەموو بەرەی کوردستانی ئەو کات لە کوردستاندا هێندەی حزبێکی بچووکی ئێستای کوردستان ئیمکانییەتی لەبەر دەست نەبووە، بێگومان بێجگە لە دووبارەکردنەوەی راستییەك شتێکی دیکەمان نەگوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرەی کوردستانی بووە هۆکاری یەکڕیزی و یەکگرتن و یەکهەڵوێستیی تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پشتگیری تەواوی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، ئەوە بوو بەرهەمی بەرەی کوردستانی بووە راپەڕینەکانی ئاداری ١٩٩١ کە هەموو کوردستان بە کەرکووکیشەوە رزگار کرا، پاشانیش کە دووبارە عێراق هێرشی کردەوە سەر کوردستان ئەو یەکڕیزی و یەکگرتوویییە، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هێنایە سەرخەت و بڕیاری ٦٨٨ی دەرچوواند و نەوای ئارام بۆ کوردستان دروست کرا.

لەدوای گرێدانی رێککەوتنی واشنتۆن لە نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بە ناوبژیوانیی خاتوو مادلین ئۆلبرایت، کە پاشان ئەم رێککەوتنە بووە بەردی بناخەی رێککەوتنی

ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا لەساڵی ٢٠٠٣ ببێتە بەشێك لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی بۆ رژێمی سەدام حوسێن پێکهێنرابوو. لە ئێستاشدا کە رووبەڕووی قۆناخێکی دژوار بووینەتەوە، بێجگە لە یەکڕیزی و یەکگرتن و یەکهەڵوێستی، هیچ شتێکی دیکە بە کەڵکی کوردستان نایەت، بۆیە ئەرکی سەرەکیی دروستکردنی ئەم یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستییەی لەگەڵ ئەوەی ئەرکێکی یەکجار قورسیشە بەپلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی سەرۆك بارزانی و بە پلەی دووەم دەکەوێتە سەرشانی ئەو سەرکردانەی کە لە ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم پێش ٢٥ی ئەیلوول و ئەنجومەنی سەرکردایەتی سیاسری کوردستان دوای ٢٥ی ئەیلوول کە لەگەڵ سەرۆك بارزانی هاوکارن.

سەرۆك بارزانی لەبەر ئەوەی ئەزموونی پێکەوە کارکردن و بیرکردنەوەی سەروو حزبایەتی لەگەڵ مام جەلال تاقی کردۆتەوەو خاوەنی ئەزموونێکی گەورەن لەم بوارەدا، ئەوا وەك چۆن لە رۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە کەرنەڤاڵی ریفراندۆم لە سلێمانی رایگەیاند، ئێستا هەموومان یەك حزبین، ئەویش حزبی کوردستانە، دەبێت لەقۆناخی دوای مام جەلالدا، سەرۆك بارزانی ئەم قسەیەی خۆی بکاتە نەخشەڕێگە بۆ سەرکەوتنی ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی دوای ریفراندۆم.

ئەوجا وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستاندا بەندە بە ئاستی کاری جددی و پێکەوەیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوا ئەم قۆناخە وا پێویست دەکات، سەرۆك بارزانی بە یەك مەسافە لە نێوان پارتی و یەکێتی رابوەستێت و چەترێکی هێندە فراوان بێت کە جێگەی چەترەکەی مام جەلال بگرێتەوە، هەتا ئەگەر ئەمە پێویستی بە هەندێك قوربانیدانی حزبییانەی لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەبێت.

سەرۆك بارزانی دوای نەخۆش کەوتنی سەرۆك مام جەلال، بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستاو خۆی چووە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەموو پشتیوانییەکی خۆی بۆ خستنەڕوو بۆ ئەوەی یەکێتی دوورکەوتنەوەی مام جەلالی پێوە دیار نەبێت، بەڵام نابێت ئەو راستییە لەبەر چاو نەگرین، کە بارودۆخی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٢٠١٢ و دوای نەخۆشکەوتنەکەی مام جەلال جیاواز بوو، ئێستا بارودۆخێکی دیکە لەئارادایە، ئەوکات نەخۆشکەوتنی مام جەلال کارەساتێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو بوو، ئەزموونێکی تازە بوو بۆ سەرکردایەتی یەکێتی کە بەبێ مام جەلال بڕیاری سەخت و قورس بدات، بەڵام لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو جۆرە قەناعەتێك لای بەشێك لە سەرکردایەتی یەکێتی دروست بووە کە هیچ رێگەچارەیەکی دیکە نییە، بێجگە لەوەی دەبێت بە هەمان شێوازی مام جەلال تێگەیشتنێکی راستەقینە لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکرێت و زەمینەی پێکەوەکارکردنی جددی دروست بکرێت، بەڵام تەفعیلکردنی ئەم قەناعە پێویستی بەوەیە کە هێز و ئیرادە و ئەزموونی سەرۆك بارزانی ببێتە پشتیوانی ئەو قەناعەتە گرنگەی لەناو بەشێکی دیاری سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی دروست بووە، ئەوان هەست بکەن کە هێز و ئیرادە و ئەزموونی سەرۆك بارزانی چەتر و پاڵپشتی ئەوانە و بە پشتیوانی سەرۆك بارزانی تێگەیشتنێکی تازە بۆ کاری پێکەوەیی جددی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکەن.

گومانی تێدا نییە، سەرۆك مسعود بارزانی، هەرگیز تەنیا وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بیری نەکردۆتەوە و رەفتاری نەکردووە، هەموو کات هێز و ئیرادە و ئەزموونی بارزانی لەو شوێنەدا بەکار هاتووە کە کوردستان پێویستی پێیەتی، بۆیە لەدوای کۆچی دوایی مام جەلال، شوێنی راستەقینە بۆ دەرکەوتنی پشتیوانی سەرۆك بارزانی، پشتیوانیکردنە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و راستکردنەوەی ئەو لاسەنگییەی کە بە هۆی کۆچی دوایی مام جەلال لەناو سەرکردایەتی یەکێتی و تەواوی پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دروست بووە.

**لەماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵی رابردووی خەباتی پێکەوەیی نێوان سەرۆک بارزانی و سەرۆک تاڵەبانی، جۆرێک لە تێگەیشتنی دەوڵەتمەدارانە لەنێوان هەردوو سەرۆک هاتەئاراوە، هەردووکیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی پێویستە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی (پارتی و یەکێتی) وەلا بنرێت و هەموو تواناکانی هەردوو لایان بۆ بەرژەوەندی گشتی تەرخان بکرێت و پێکەوە خەمی سەرەکییان ببێتە ئەوەی جارێکی دیکە شەڕی شوومی ناوخۆ روونەداتەوە و بەرەو ئامانجە رەواکانی گەلی کورستان هەنگاو هەڵبگرن**

**کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلال کەلێنێکی هێندە گەورەیە بۆ کوردستان کە رەنگە بەئاسانی پڕنەکرێتەوە، بەڵام مەراسیمی پڕشکۆی بە خاکسپاردنی مام جەلال پێی گوتین بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەموو کەلێنەکان پڕدەبنەوە و دەشتوانن بەسەر ئەو هەڕەشە و تەحەددییانەشدا زاڵ بن کە دژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی رووبەڕووی ئێستای کوردستان بۆتەوە**



عەل بەنوعەزیزی
تایبەتمەند لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کورد بێجگە لە ریفراندۆم رێگاچارەی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو

# هیوادارم لە داهاتوودا کێشەکان بە گفتوگۆ یەکلا بکرێنەوە

**عەل بەنوعەزیزی پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری پرۆگرامی شارستانیەتی ئیسلامی و کۆمەڵگەکان و سەرۆکی بۆردی ئەکادیمی راوێژکاری دیراساتی نێودەوڵەتییە لە کۆلێژی بۆستن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە کەلتووره سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و توێژینەوەی بەراوردکاری ئایین و کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ناوخۆ و پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێستای ئێران دەدات، پێشتریش سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی گرنگی وەك پرینستۆن، هارڤارد، هیبرو- لە قودس- و ئۆکسفۆرد. بۆ قسەکردن لەسەر دوایین پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەی رۆژهەڵات بەگشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بەو بارودۆخە پڕ لە پشێوی و پاشاگەردانییەی لە ناوچەکەدا لەئارادایە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا چەندین قەیران و تەنگژە و چەندین پەرەسەندن و پێشهات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدەن، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترینی ئەو پەرەسەندنانە چین کە لە ئێستادا جێی بایەخپێدانی بەپەلەن؟**

- لە راستیدا دەکرێت ئاماژە بە ریفراندۆمەکەی کوردستان و دەرئەنجامەکانی بکەین، کە من نیگەرانم لە کاردانەوەکانی عێراق و ئێران و ئەو مانۆڕە سەربازییانەی ئەنجامی دەدەن، هەروەها لەبارەی لێدوانەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، عەبادی و هەروەها سەرکردەکانی ئێران و تورکیاشەوە، کەواتە لەو رووەوە ریفراندۆمەکە دۆخێکی دروست کردووە کە جۆرێك لە هەڵچوون و شڵەژان بە ناوچەکەوە دەبیندرێت.

*** بە دیدی ئێوە بۆچی ئەم ریفراندۆمە ئەوەندە کاردانەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدوا داهات، لە کاتێکدا کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان تەنیا بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە گوزارشتیان لە ئیرادەی خۆیان کردووەو مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووسیان کردووە؟**

- لە راستیدا کاردانەوەی حکومەتی عێراق شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە پێیوایە جیابوونەوەی کوردستان بە مانای کۆتاییهاتنی عێراق دێت، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە دابەشبوون و جیابوونەوەی شیعە و سوننەشی بەدوادا بێت. لە هەمان کاتدا ئەمە حیساباتێکی ئابووریشی لە پشتە، مەبەستم شاری کەرکووك و ئەو بڕە زۆرەی نەوتە کە لەم شارەدا هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا لەبەر دوو هۆکار بەرهەڵستی دەکات، یەکەمیان ریفراندۆمی کوردستان و دروستبوونی قەوارەی سەربەخۆی کوردستان لەلایەکەوە دەبێتەهۆی لاوازکردنی حکومەتەکەی عەبادی- کە هەروەك

دەزانن ئێرانیش پشتیوانی حکومەتەکەی عەبادی دەکات-، واتە ئەمە بە هەڕەشە بۆ سەر حکومەتەکەی عێراق دەزانێت. لە هەمان کاتدا ئێران نیگەرانە لە کاردانەوەکانی لەسەر وڵاتەکەی خۆی- لەسەر کوردی وڵاتەکەی-، کە ئێمە ئاهەنگگێڕان و خۆشحاڵی دەربڕینمان بینی لە شاری سنە. سەبارەت بە تورکیاش ئەوا ئاشکرایە کە سەربەخۆیی کوردستان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی لێکدەداتەوە، لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە پێی وایە دروستی دەکات لەسەر کوردی وڵاتەکەی کە لە سەدا ٢٢ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنێت.

*** هەروەك دەزانن ئەو وڵاتانە لە ئێستادا هەندێ ڕێکاریان گرتۆتەبەر بۆ سزادانی کوردستان، ئێوەش باسی مانۆڕی سەربازیتان کرد، ئایا تا چەند ئەگەری کاردانەوەی سەربازی ئەگەرێکی واقیعی و مومکینە؟**

- لە راستیدا من ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی سەربازی دژ بە کورد بە دوور دەزانم. لە هەمان کاتدا پێموانییە بەم دەم و دەستە بارزانی سەربەخۆیی رابگەیەنێت، لەبەر ئەوەی هەروەك خۆیشی گوزارشتی لێکرد، ئەو دەیەوێت دوای ئەم ریفراندۆم بکەوێتە گفتوگۆ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئاشتییانە، من پێموایە ئەم دەرئەنجامە ئەگەرێکی زیاتری هەیە، واتە گرتنەبەری ڕێگاچارەی گفتوگۆ، ئەگەرچی گفتوگۆیەکی سەختیش دەبن و ئێران و تورکیاش هەوڵدەدەن بەشدار بن تێیدا.

*** باشە ئەگەر بێینەسەر بارودۆخە گشتییەکەی عێراق، ئەوا دەبینین زۆرجار ئەم وڵاتە پشێوی و پاشاگەردانی باڵی بەسەردا کێشاوەو تێوەگلاوە لە شەڕی ناوخۆییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی قەیرانەکانی ئەم وڵاتە ئەوەندە درێژخایەنن و بۆچی پێناچێت قابیلی چارەسەر بن؟**

- لە راستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەستی یەکبوون و یەکڕیزی لەم وڵاتەدا دروست نەبووە و بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەم گرژییانە —تەنانەت ساڵانێکی زۆر پێش رووخانی سەددامیش- بوونیان هەبووە لە نێوان شیعەو سوننە، هەروەها ئەو سەرکوتکارییانەی دژی کورد کراون لە ئەنفال و داپڵۆسینەکانی دیکە، واتە ئەم کێشانە ریشەیەکی دوورو درێژیان هەبووە لە ناو عێراقدا، بۆیە پێموایە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بتوانرێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی راستەقینە دروست بکرێت و ئێستاش ئەمە تەحەددییەکە لەبەردەم حکومەتی عێراق و ئومێدەکەش ئەوەیە کە ئەمە ببێتە سەرەتای گەیشتن بە چارەسەرێك لە رێی گفتوگۆوە لەبری ئەوەی ببێتە دەستپێکی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە ناو عێراقدا، چونکە ئەمە دەرئەنجامی زۆر مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەسەر ناوچەکە، لەبەر ئەوەی هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان کوردستان و عێراقدا، تورکیا و ئێرانیش تێوە دەگلێنێت و ئەمەش ئاکامی گەورەی لەسەر ناوچەکە دەبێت.

*** ئەی رۆڵی ئێران بە دیاریکراوی چی دەبێت لەم بارودۆخەدا، چونکە هەمیشە ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە ئێران رۆڵێکی ناسەقامگیرکاری هەیە؟**

- لە راستیدا بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی دادپەروەرانە بکەین، ئەوا تا ئێستا ئێران رۆڵێکی ناسەقامگیرکاری نەبووە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو هەوڵیدا هەندێ گفتوگۆ لەگەڵ کوردی عێراقدا بکات و هەوڵیشی نەداوە گرژی لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا دروست بکات. بەڵام لە ناوچەکانی دیکەدا، ئەوا ئێران شان بە شانی سعودیە لە بارودۆخەکەوە تێوەگلاون، هەروەك ئەوەی لە یەمەندا بەدی دەکەین.

*** باشە ئێوە زۆر کار و توێژینەوەتان ئەنجامداوە لەبارەی کەلتوور و کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا پێتوایە ئەگەرەکانی بەرەوپێشچوونی پرسی دیموکراسی چین بەتایبەتی دوای ئەوەی بەهاری عەرەبی- کە ئومێدێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو- بە تێکچوونی بارودۆخەکە و نائومێدییەکی قووڵ کۆتایی هات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. لە سەرەوەختی بەهاری عەرەبیدا زۆر کەس لە ئێمە پێیوابوو کە دیموکراسی و حوکمڕانی دیموکراسی بەرەوپێش دەچێت و دادەمەزرێت ئەگەر هاتوو ئەو رژێمە خۆسەپێن و موخابەراتییانە بڕووخێن

**ڕەهەندە ئایینییەکەی پرسی تایفەگەری هۆکاری پشێوی و ناسەقامگیری ناوچەکە نییە، بەڵکو ئەمە پتر پەیوەستە بە سیاسەتکردن لە ناوچەکەدا، واتە ئەمە پەیوەستە بە دژایەتی و رکابەری و ململانێی نێوان سعودیە لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکەوە**

**ئامادەیی نوخبەکان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و تێپەڕاندنی قۆناغی راگوزەری هێندەی بەرهەڵستیکردنی رژێمە سەرکوتکار و گەندەڵەکان گرنگە. لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی تونس بکەین کە تاکە وڵاتە سەرکەوتنێکی رێژەیی تۆمار کرد لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان حیکمەتی سیاسییان هەبوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەک ئیدارەی ئەم قۆناغە بکەن**

و ئەمە دەبێتە سەرەتای حوکمڕانییەکی باشتر و بەرپرسیارتر لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوەی زۆرێك لە شرۆڤەکاران و توێژەران لەبەرچاویان نەگرت، ئەوەیە کە قۆناغی راگوزەری بەرەو دیموکراسی قۆناغێکی ئاسان نییە، چونکە ئەمە پرسێکی کەمتر گرنگ نییە لە رووخاندنی رژێمە خۆسەپێن یان دیکتاتۆرەکان، مەبەستم ئەوەیە ئامادەیی نوخبەکان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و تێپەڕاندنی قۆناغی راگوزەری هێندەی بەرهەڵستیکردنی رژێمە سەرکوتکار و گەندەڵەکان گرنگە. لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی تونس بکەین کە تاکە وڵاتە سەرکەوتنێکی رێژەیی تۆمار کرد لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان حیکمەتی سیاسیان هەبوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەك ئیدارەی ئەم قۆناغە بکەن، کە هیچ وڵاتێکی دیکەی نەیتوانی بەم شێوەیە ئیدارەی بکات. مەبەستم ئەوەیە لێرەدا جەخت لەسەر گرنگیی ئامادەیی کاراکتەرەکان بکەمەوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن، کە ئێمە ئەم حاڵەتەمان بەدی نەکرد لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە لە میسر، واتە ئەوان هیچ خواستێکیان نەبووە بۆ ئەوەی لە رێی گفتوگۆوە بگەنە چارەسەر و رێککەوتن لەبارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە.

*** هەروەك ئاشکرایە دەرئەنجامێکی دیکەی ئەم بارودۆخە هاتنەئارای گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك داعش بوون، کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان هێنایەئاراوە، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم چەشنە گرووپانە چین و چۆن دەکرێت چارەسەر بکرێن؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر قورس و بەربڵاوە. ئەمە پەیوەندی بە هاتنەئارای ئیسلامی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکانەوە هەیە لە ناوچەکەدا، هەروەها پەیوەستە بە داگیرکردنی عێراقەوە لەلایەن ئەمریکاوە، بە هەمان شێوە بە لاوازی و گەندەڵی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە دۆخی ئابووری و نەبوونی کارەوە هەیە، واتە کۆمەڵێك هۆکار پێکەوە بوونەتە هۆی خوڵقاندنی ئەم دۆخە و دروستبوونی توندڕۆیی ئیسلامی. من پێموایە داکشانی ئەم شەپۆلەش کاتی دەوێت و کێ دەزانێت رەنگە رەوتێکی نوێی ناسیۆنالیستی جێی بگرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم ناوچەیە هەمیشە بە قۆناغێکی زۆر سەختدا تێپەڕیوە.

*** ئەی شەڕ و ململانێی تایفەگەری رۆڵی چییە لەم رووەوە؟ ئایا پێتوایە کێشەی تایفەگەری کێشەیەکی راستەقینەیە، یاخود مەسەلەکە ئەوەیە کە وڵاتانی ناوچەکە بەکاری دەهێنن بۆ برەودان بە هەژموون و دەستڕۆیشتوویی خۆیان؟**

- لە راستیدا رەهەندە ئایینییەکەی پرسی تایفەگەری هۆکاری پشێوی و ناسەقامگیری ناوچەکە نییە، بەڵکو ئەمە پتر پەیوەستە بە سیاسەتکردن لە ناوچەکەدا، واتە ئەمە پەیوەستە بە دژایەتی و رکابەری و ململانێی نێوان سعودیە لەلایەك و ئێران لەلایەکی دیکەوە، هەروەها ئەمە پەیوەستە بەو راڤە و لێکدانەوە سەلەفی و رادیکاڵییەوە کە لە هەناوی خۆیدا دژ بە شیعەیە، بە هەمان شێوە ئەمە پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی کۆماری ئیسلامییەوە، بەڵام ئەمانە لە بنەڕەتدا هێزی سیاسین و بەو پێیە ئەمە ناکۆکی و ململانێیەکی ئایینی نییە، لەبەر ئەوەی جیاوازی لێکدانەوەی ئایینی بۆ رۆژگارێکی دوور و درێژ لە ئارادا بوون، ئەی بۆچی ئێستا ئەوەندە زەق بوونەتەوە؟ کەواتە ئەمە پەیوەستە بە سیاسەت و بە رکابەری لە نێوان هەردوو هێزەکەدا لەم ناوچەیەدا.

*** وەك دواپرسیار ئایا تا چەند گەشبینن لە ئاست بارودۆخەکەدا، یاخود هەل و مەرجەکە تا چەند رەشبینمان دەکات؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا پێموایە سەرکردایەتی کورد هیچ رێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو جگە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام ئومێدی من ئەوەیە کە ریفراندۆمەکە سەرنەکێشێت بۆ ناکۆکی و رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، یان کورد و حکومەتی تورکیادا. ئومێد دەکەم دەست بە پرۆسەی گفتوگۆکردن بکرێت، هەرچەندە من دەزانم کە ئەوانە گفتوگۆیەکی سەخت و دژواریش دەبن، بەڵام ئەوە تاکە ئومێدی منە بۆ هەردوولا.

**تا ئێستا ئێران رۆڵێکی ناسەقامگیرکاری نەبووە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو هەوڵیدا هەندێ گفتوگۆ لەگەڵ کوردی عێراقدا بکات و هەوڵیشی نەداوە گرژی لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا دروست بکات. بەڵام لە ناوچەکانی دیکەدا، ئەوا ئێران شان بە شانی سعودیە لە بارودۆخەکەوە تێوەگلاون**

**ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی سەربازی دژ بە کورد بە دوور دەزانم. لە هەمان کاتدا پێموانییە بەم دەم و دەستە بارزانی سەربەخۆیی رابگەیەنێت، لەبەر ئەوەی هەروەک خۆیشی گوزارشتی لێکرد، ئەو دەیەوێت دوای ئەم ریفراندۆم بکەوێتە گفتوگۆ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئاشتییانە**

# پێویستە واشنتۆن لە نێوان کوردی عێراق و بەغدای تایفەگەرادا یەکێکیان هەڵبژێرێت

نزیکەی لە سەدا ٩٣ی گەلی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا لە ریفراندۆمەکەی رۆژی ٢٥ی ئەیلوولدا. ئێستا واشنتۆن رووبەڕووی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆتەوە، ئەمریکا دەتوانێت پشتیوانیی کوردی عێراق بکات کە هاوپەیمانێکی دڵسۆزن، یاخود دەتوانێت پاڵپشتی عێراق بکات کە دەوڵەتێکی تیوکراتی تایەفەگەرایە و بۆتە داردەستی ئێران.

حەیدەر عەبادی لە ساڵی ٢٠١٤دا بووە سەرۆك وەزیران، ئەویش بە پشتیوانیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و پاڵپشتیی سەرۆك حەسەن رۆحانی. کەسی پێش عەبادی، نوری مالیکی کەسایەتییەکی تەواو جەمسەرگیر بوو، کە ئەویش لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی لێدەکرا. سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش، سەلیم جبوری لە نزیکەوە کار دەکات لەگەڵ هاوشانە ئێرانییەکەیدا، عەلی لاریجانی، کە سیاسییەکی موحافیزەکاری سەرسەختە و پێشتر کەسێکی سەربازی بووە.

لە ئێستادا هاوکارییەکی توندوتۆڵی ئەمنیی ئێران و عێراق پێکەوە گرێدەدات. هێزە چەکدارەکانی عێراق و سوپای پاسدارانی ئێران شان بە شانی یەکتری شەڕی دژ بە داعش دەکەن. تەنیا چەند رۆژێکی کەم پێش ئێستا، ئێران و عێراق مانۆڕی هاوبەشی سەربازییان ئەنجامدا لە سەر سنوورەکانی کوردستان و هۆشدارییان دا بە «دوژمنە هاوبەشەکە»یان. میلیشیا شیعەکان، میلیشیاکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە رێی فەتوایەکی مەرجەعی باڵا ئایەتوڵا عەلی سیستانی-یەوە دامەزرێنرا کە شانازی بە «ئەرکە پیرۆزەکە»یانەوە دەکەن بۆ رزگارکردنی موسڵ لە دەستی داعش. میلیشیا شیعەکان لە عێراقدا بەرپرسن لە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەمریکییەکان.

هەروەها یەکە نیمچە سەربازییەکانی عێراق هەڕەشە لە هێزەکانی ئەمریکا دەکەن. وەك (سرایا السلام) کە سەر بە پیاوی ئایینی عێراق موقتەدا سەدرە کە کەسێکی دژ بە ئەمریکایە. هەروەها رێکخراوی (البدر)یش کە رێکخراوێکی پڕچەکی سەر بە ئێرانە.

داعش خێر و بێرێکی ئابووری بوو بۆ ئێران. رێکخراوی پەرەپێدانی بازرگانی ئێران ئاماژە بەوە دەکات کە هەناردەی غەیرە نەوتی ئێرانی گەشەی کردووە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ کە ٢,٤ ملیار دۆلار بووە و لە ساڵی ٢٠١٥دا گەیشتە ٦,٢ ملیار کە لەو کاتەدا عێراق هاوکاری ئێرانی کرد بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکان کە ئەویش پێشێلکردنی سزا نێودەوڵەتییەکان بوو.

هەروەها عێراق و ئێران هاوکارییەکی چڕ و پڕ دەکەن لە بواری وزەدا. لە ٢٥ی ئەیلوولدا، کە رۆژی بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو، وەزیری نەوتی عێراقی جەبار لوعەیبی وەبەرهێنانێکی گەورەی راگەیاند لە دوو دامەزراوەی نوێی هاوبەشی بەرهەمهێنانی نەوتدا.



دەیڤید فلیپس

لە سایتی Huff post بڵاوکراوەتەوە

لە کاتێکدا کە ئیدارەی ترەمپ سەرزەنشتی پشتیوانیکردنی ئێران لە تیرۆریزم دەکات، بەڵام لە راستیدا پشتیوانی لە ئێران دەکات لە رێی پاڵپشتیکردنی عێراقەوە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رێکس تیلێرسۆن باس لە عێراقێکی «یەکگرتوو و فیدراڵی و دیموکرات» دەکات کە ئەمەش هەڵەیە و لە جێی خۆیدا نییە. ئەو پشتیوانی لە بەغدا دەکات رەخنە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق دەگرێت بەوەی گوایە «شەرعییەتی» نییە.

عێراق «یەکگرتوو» نییە. کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ـەوە بە ئەمری واقیع سەربەخۆیە. هەروەها دابەشبوونی تایەفەگەری قووڵیش هەیە لە نێوان میلیشیاکانی سەر بە ئێران و سوننەکانی عێراقدا، کە زۆریان پشتیوانی داعش دەکەن.

عێراق دەوڵەتێکی «فیدراڵی»یش نییە. دوایین توێژینەوە دەریخستووە کە بەغدا ٥٥ ماددەی دەستووری فیدراڵی پێشێل کردووە. حکومەتی عێراق بەردەوام جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی رەتکردۆتەوە، کە بە گوێرەی ئەو ماددەیە دەبێت ریفراندۆم لەبارەی چارەنووسی کەرکووکەوە بکرێت. هەروەها عێراق زۆر دوورە لەوەی «دیموکراتی»یش بێت. ئەوە زۆرینەی شیعەیە کە مومارەسەی حوکمڕانیی زۆرینە دەکەن و کورد و سوننەیان پەراوێز خستووە.

کۆنگرێسی ئەمریکا زیاتر و زیاتر هۆشیارە بە دەستڕۆیشتوویی زیانبەخشی ئێران. سیناتۆر چەك شومەر، کە سەرکردەی کەمینەی دیموکراتەکانە «دراوسێکانی عێراقی کە تاکڕەوەکان حوکمیان دەکەن» تۆمەتبارکرد بەوەی «بەرهەڵستی دەوڵەتی کوردستان دەکەن لەبەر ئەوەی دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر بارودۆخی هەنوکەیی و بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانیان.» سیناتۆر جۆن مەککەین پشتیوانیی پرۆسەیەکی سیاسی دەکات کە خەونەکانی کورد بۆ هێنانەدی دەوڵەتی سەربەخۆیی بهێنێتەدی. ئەوان دەزانن کە کوردستانی عێراق بەربەستێکە لەبەردەم دەستڕۆیشتوویی ئێران.

پێویستە بڕیارێك لە کۆنگرێسەوە هەبێت و داوا لە ئەمریکا بکات کە ئیعتیراف بە کوردستانی عێراق بکات، ئەگەر کاتێك سەربەخۆیی راگەیاند.

پێویستە کۆنگرێس هاوکاری راستەوخۆ بۆ پێشمەرگە دابین بکات. زیادکردنی دەستەبەرکردنی چەکی قورس دەبێتەهۆی ئەوەی هێزە چەکدارەکانی عێراق و میلیشیا شیعەکان لە هێرشکردن سڵ بکەنەوە.

هەروەها پێویستە کۆنگرێس گواستنەوەی چەکی قورس و هێرشبەر بۆ عێراق سنووردار بکات، چونکە دەکەونە دەستی ئەو میلیشیایانەی ئێران پشتیوانیان لێدەکات. سیاسەتی ئەمریکا لە دووریاندایە. پێویستە واشنتۆن پشتیوانیی کوردستانی عێراق بکات و پاڵپشتی لە دیموکراسی و خەونە نەتەوەییەکانی کوردی عێراق بکات.



**مایکل پریجنت**

**ئەفسەری پێشووی هەواڵگری ئەمریکا لە عێراق:**

# بەرهەڵستیی ئەمریکا بۆ ریفراندۆم پەڵەیەکی شەرمەزاریی گەورەیە بۆ خوێنی ئەو جەنگاوەرانەی ئەمریکا کە لە شەڕی عێراقدا گیانی خۆیان بەخشی

# خەریکە ئەوەمان لەبیردەچێتەوە کە باشترین هاوپەیمانی پشت پێبەستراومان کوردە

**مایکل پریجنت کە ئێستا یەکێکە لە توێژەوەکانی ئامۆژگای هۆدسۆن، پێشتر ئەفسەری ئاژانسی هەواڵگری و بەرگری ئەمریکا بووە لە عێراقدا و لەگەڵ هەردوو ژەنەڕاڵ پەتریۆس و ئستین بەشداری شەڕی دژی ئەلقاعیدەی لە ٢٠٠٥ -٢٠٠٩ کردووە، هەروەها هەڵسەنگاندنی بۆ کاریگەری نفووزی ئێرانی لە سوپا و هەواڵگری سوپای عێراقدا کردووە، ئەم ئەفسەرە هەواڵگرییەی ئەمریکا کە شاهیدی گیانفیدایی جەنگاوەرانی ئەمریکایە لەشەڕی عێراقدا، لە پەنێڵێکدا کە ئامۆژگای هادسۆن بە ناونیشانی (عێراق دوای ریفراندۆمی کوردستان) رێکیخستبوو، راشکاوانە سەبارەت بە هەوڵوێستی ئەمریکا دژی ریفراندۆمی کوردستان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم بەرهەڵستییەی ئەمریکا بۆ ریفراندۆمی کوردستان دەبێتە پەڵەیەکی شەرمەزاری بۆ خوێنی قوربانییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەمەش پوختەیەك لە قسەکانیەتی.**

هەموو ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە دژی کوردستان کراون، لە کۆتایی هەفتەی رابردوو گەیشتنە لوتکە، بەڵام تا ئێستا نازانین کام لایەن بە یەکێك لەو کردەوانە هەڵدەستێت. بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە جێگەی نیگەرانییە، سەرکردەکانی حەشدی شەعبی پێش دوو ساڵ دەیانگوت : با شەڕی داعش تەواو بکەین، دواتر ئەوی دیکە تەواو دەکەین.

لەماوەی رابردوو سەردانی باشیك و هەندێك ناوچەی دەشتی نەینەوام کرد، لەوێ چاوم بە سەرکردەکان کەوت و دەیانگوت، شەڕی داعش ئاسانە، بەڵام کێشەی راستەقینە حەشدی شەعبییە، دیارە ئێمە باس لەو چەکدارانە ناکەین کە لە دوای فەتواکەی سیستانی هاتوون، بەڵکو مەبەستمان ئەو میلیشیا شیعیانەی وەك (کەتائیبی حزبوڵای عێراق و عەسائیبی ئەهلی هەق و. هتد)یە.

بۆ راستیی ئەم بۆچوونە لە یەکێك لە خاڵەکانی پشکنینی حەشدی شەعبی دوو چەکدار راوەستابوون کە یەکێکیان سەر بە سیستانی بوو، ئەوی دیکەشیان سەر بە یەکێك لەو میلیشیایانە بوو کە ئاماژەم پێکرد، سەیرم کرد ئەو چەکدارەی حەشد کە سەر بە سیستانییە، ماوەی چوار مانگە مووچەی پێنەدراوە، ئەو دەمانچەیەی پێی بوو، لە داعش دەستی کەوتبوو، پێی گوتم، ئەم دەمانچەیە هی ئەو داعشەیە کە لە یەکێك لە شەڕەکانی موسڵ کوشتوومە، هەروەها جلە سەربازییە فەرمییەکەی شپڕێو بوو، بەڵام ئەوی دووەمیان چەکەکەی شانی و دەمانچەکەی تازە بوون، جلەکانی رێکوپێك و سەربازی و فەرمی بوو، پۆشتاخ بوو، بەئاسانی لێك جیادەکرانەوە، ئەمانەش ئەو میلیشیایەن کە لەلایەن ئێرانەوە هاوکارییەکی زۆر دەکرێن. ئەمە حاڵی هێزەکانی حەشدی شەعبییە لە عێراقدا.

**ئێران دەهات بە یەکجار گرووپێک میلیشیای دەهێنا و تێکەڵاوی سوپای عێراقی دەکرد، هەر بۆ نموونە لەساڵی ٢٠٠٧ سوپای مەهدی تێکەڵاوی سوپای عێراق کردو مووچەیان وەردەگرت**

دیارە من شرۆڤەکار نیم، بەڵکو یەکێکم لەو جەنگاوەرانەی ئەمریکا کە چەند ساڵێك بەشداریم لەشەڕی عێراقدا کردووە، پۆستی من لەناو هێزەکانی ئەمریکادا، ئەفسەری هەواڵگری بووە لەگەڵ ئاژانسی بەرگری و هەواڵگری، ئەرکی سەرەکی و سەرشانی من لەگەڵ ژنەراڵ پەتریۆس و ژنەراڵ ئۆستین ئەوە بوو، هەڵسەنگاندێکی ورد بۆ کاریگەری نفووزی ئێرانییەکان لەناو سوپای عێراقدا بکەین، لەم هەڵسەنگاندنە بۆمان دەرکەوت کە کاریگەری ئێران لەسەر ئاستی سوپا و هەواڵگری سەربازی زۆر زۆرە لە ناو سوپای عێراقدا، دوای ئەوەی پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێزی سەربازی (Surge) لە ٢٠٠٧ دەستی پێکرد، ئێمە بەردەوامبووین لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنە، لە ئاکامی ئەم هەڵسەنگاندنەدا لەگەڵ هەردوو ژنەراڵ پەتریۆس و ئۆستین گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئێران پرۆسەیەکی لەناو سوپای عێراقدا دەست پێکردووە کە بریتییە لە (DDR) بەڵام ئەم پرۆسەیە بەمانا تەقلیدییەکەی نەبوو، واتە (تەسریحی سەربازی، پرچەککردن، دووبارە تێکەڵاو کردنەوە)، بەڵکو ئێران دەهات بە یەکجار گرووپێك میلیشیای دەهێنا و تێکەڵی سوپای عێراقی دەکرد، هەر بۆ نموونە لەساڵی ٢٠٠٧ سوپای مەهدی تێکەڵی سوپای عێراق کردو مووچەیان وەردەگرت.

قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێرانی میلیشیای شیعەی لە عێراقدا دامەزراند، ئامانجی لەم کارەی ئەوە بوو پردێکی زەمینی بۆ ئێران دروست بکات بۆ ئەوەی بە رێگەی زەمینی لوبنان و سووریا و عێراق و ئێران پێکەوە گرێبداتەوە، ئەمەش بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا و بەشێك لە هاوپەیمانەکانی مەترسییەکی گەورە دروست دەکات.

سێ ساڵ پێش ئێستا واتە پێش سەرهەڵدانی داعش، بۆچوونی من بەو شێوەیە بوو کە پێویستە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام لەماوەی سێ ساڵی رابردوو لە میانەی شەڕی داعشدا، بۆچوونی ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە عێراق ببێتە پاشکۆی ئێران، ئەوجا ئەگەر راستگۆ بین لەگەڵ خۆمان، ئەوا ئەمریکا خۆی کارئاسانی کردووە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە پاشکۆی ئێران.

ئێمە کاتێك ئەرکی هاوکاریکردنمان لەگەڵ سوپای عێراق لە ٢٠٠٥ پێدرا، سوپای عێراق بە رێژەی ٥٥٪ شیعە بوو، بە رێژەی ٤٥٪ سوننە بوو، بەڵام ئێستا لەناو سوپای عێراقدا بەتالیۆنێکی سوننە نابینیرێت کە ژمارەیان ٥٠٠ سەرباز بێت، هەروەها بەتالیۆنێك کوردی تێدا نییە کە ٥٠٠ کەس بن. کەچی لە ساڵی ٢٠٠٧ رێژەی شیعە لە ناو سوپای عێراقدا گەیشتە ٩٥٪.

ئێستا پێشمەرگە بەتەواوەتی لە دەرەوەی عێراق ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی ئەنجامدەدات، ئەمەش بەو مانایەی کورد لەناو سوپای عێراقدا بوونی نییە، بەم دواییە سەردانێکی موسڵم کرد، لەم گەشتە بیرکردنەوەم گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات، پێش ئەم سەفەرەم من لە توێژەرەکانی سینتاکسەکانی ئەمریکا گوێبیستی ئەوە بووم کە گوایە لە عێراق سوپایەك هەیە مەزهەبگەرا نییە، یاسا و حکومەتێکی یەکگرتوو هەیە، هەروەها کاتێك دێنە سەر باسی فەرماندەکانی حەشدی شەعبی، دەڵێن: قەیس غەزعەلی بەو ئاستە خراپ نییە کە لێی بترسین، بەڵام ئەوەی راستییە ئەوەیە کە قەیس غەزعەلی کاری رفاندنی خەڵکی ئەمریکی بۆ قاسم سولەیمانی ئەنجام داوە و بە فەرمانی ئەو پێنج ئەمریکی رفێندراون بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات و لەگەڵ دیلەکانی سوپای پاسدارانی ئێران ئاڵوگۆڕی پێبکات. قەیس غەزعەلی ساڵی پار دەیگوت: دوای ئەوەی شەڕی داعش تەواوبوو، من چاوەڕێی هیچ شتێك ناکەم و دەست دەکەم بە کوشتنی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا ئەگەر لە عێراقدا بمێننەوە، هەروەها لەم سەردانەمدا بۆ نەینەوا سەردانی ژنەراڵ نەجم ئەلجبوریم کرد، ئەمەیان بە حیساب یەکێکە لە ژنەراڵە پرۆفیشناڵەکانی سوپای عێراق و هاوپەیمانی ئەمریکایە، بەڵام لە تەنیشت ئەو ژوورەی من لەگەڵی دانیشتووم، پڕبوو لە راوێژکارە سەربازییەکانی ئێران، من خۆم کە هاتمە دەرەوە، ئەوانم بینی بە زمانی عەرەبی لێمی پرسی: (وین الحمام) کە

بۆچوونی ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە عێراق ببێتە پاشکۆی ئێران، ئەوجا ئەگەر راستگۆ بین لەگەڵ خۆمان، ئەوا ئەمریکا خۆی کارئاسانی کردووە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە پاشکۆی ئێران

ئێمە کاتێک ئەرکی هاوکاریکردنمان لەگەڵ سوپای عێراق لە ٢٠٠٥ پێدرا، سوپای عێراق بە رێژەی ٥٥٪ شیعە بوو، بە رێژەی ٤٥٪ سوننە بوو، بەڵام ئێستا لەناو سوپای عێراقدا بەتالیۆنێکی سوننە نابینیرێت کە ژمارەیان ٥٠٠ سەرباز بێت، هەروەها بەتالیۆنێک کوردی تێدا نییە کە ٥٠٠ کەس بن. کەچی لە ساڵی ٢٠٠٧ رێژەی شیعە لە ناو سوپای عێراقدا گەیشتە ٩٥٪

قەیس غەزعەلی کاری رفاندنی خەڵکی ئەمریکی بۆ قاسم سولەیمانی ئەنجام داوە و بە فەرمانی ئەو پێنج ئەمریکی رفێندراون بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات و لەگەڵ دیلەکانی سوپای پاسدارانی ئێران ئاڵوگۆڕی پێبکات

مەبەستی ئەوە بوو بچێت بۆ (w.c).

ئەگەر لەسەر ئەم واقیعە باس لە ریفراندۆمی کوردستان بکەین، من ناتوانم قسەیەکی باشتر لەو قسەیەی باڵیۆز رایان کرۆکەر بکەم، کاتێك گوتی: هەڵوێستی زۆر توندی ئەمریکا دژی ریفراندۆمی کوردستان زۆر هەڵە بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئاماژەیەکمان دا بە بەغداو ئەنکەرە و تاران، بەوەی دەتوانن سوپاکانی خۆتان بەکاربهێنن بۆ سزادانی دەنگدەرانی ریفراندۆمی کوردستان.

لە ئێستادا ئێمە دەزانین ئێران وتورکیا و عێراق بە ئاراستەیەکی دژی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەجووڵێن، بە درێژایی سنووری نێوان کوردستان و ئێران، هەروەها کوردستان و تورکیا، مانۆڕی سەربازی ئەنجام دەدەن، لەمەش زیاتر هێزەکانی عێراق جووڵەیان پێکراوە بەرەو دەروازەی سنووری نێوان کوردستان و تورکیا.

بۆچوونی من ئەوەیە، بەغدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە لەلایەن ئەمریکاوە تیشکی سەوزی بۆ هەڵکراوە بەوەی دەتوانێت حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەکار بهێنێت بۆ گێرانەوەی کەرکووك بە هێزی سەربازی، بەڵام ئەمە هێڵی سوورەو لە ئێستادا دەبێت ئەمریکا ئەم هێڵە سوورە پێشانی بەغدا بدات و ئەمریکا نابێت رێگە بە بەغدا بدات. من وەك ئەفسەرێکی هەواڵگریی ئەمریکا ئەو شاهیدییە دەدەم کە بە باشترین هاوکاری هەواڵگری ئێمە لەگەڵ هێزە تایبەتەکانی عێراق لەکاتی شەڕەکەمان دژی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، بە هۆی ئەوە بووە کە ئەوکات هێزە تایبەتەکانی عێراق ٧٠٪ی پێشمەرگە بوون، بەڵام مالیکی دواتر فەرماندە کوردەکانی دەرکرد و بوونی کوردی لەناو ئەو هێزە تایبەتە پاکسازی کرد.

گرنگە و زۆر پێویستە بزانین بەغدا لە ئێستادا بۆ ئەمریکا چییە؟ هەروەها لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەوەمان لەبیر بێت ئەو هاوپەیمانە راستگۆ و پشت پێ بەستووەی کە هەمانە، کوردە.

ئەوەی ئێستا بەرامبەر کوردستان دەکرێت، پەڵەیەکی شەرمەزارییە بۆ خوێنی ئەو قوربانییە ئەمریکییانەی لە عێراقدا گیانی خۆیان بەخشی، لە ئێستادا کورد پەنجەرەیەکی هەبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بە دەرەوە بکات، ئێستا ئەو پەنجەرەیەی لێ داخراوە و ئاسمانەکەی گەمارۆ دراوە و بەغدا دەستی بەسەر فڕۆکەخانەکاندا گرتووە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی گەورەیە ئەوەیە لە کاتێکدا ئەمریکا تیشکی سەوز دەداتە ئێران و عێراق بۆ ئەوەی شتێك بەرامبەر بە کورد بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی ریفراندۆمیان ئەنجام داوە، بەڵام ماوەی ٣-٤ ساڵە گوێیان لە کورد نەگرتووە کە لە دەستی رەفتارەکانی بەغدا هاوار دەکات، راشکاوانە دەڵێم ئێمە وەك ئەمریکا هەتا ئێستاش لەگەڵ بەغدا دۆڕاوین، بە هۆی ئەوەی تۆی ئەوە دەچێنین کە کوردستان بکەینە پاشکۆی عێراق.

بۆیە پێویستە ئەمریکا رێز لە ریفراندۆم بگرێت و دانی پێدا بنێت، دووبارەی دەکەمەوە بەرهەڵستیکردنی ریفراندۆمی کوردستان دەبێتە پەڵەیەکی شەرمەزاری بۆ ئەو قوربانییانەی ئەمریکا کە لە شەڕی عێراقدا گیانی خۆیان بەخشی، لەمەش پەڵەی شەرمەزاریتر بۆ خوێنی ئەو قوربانییانەی ئەمریکا ئەوەیە، کە ئەمریکا دەست لە عێراق هەڵبگرێت و تەسلیمی ئێرانی بکات.

باشترین وەفا بۆ ئەو قوربانییانەی ئەمریکا کە لەعێراقدا خوێنیان رژا، ئەوەیە بە کردەیی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکەین، یان لانیکەم پشتگیری ریفراندۆم بکەین، شەڕی دژی داعش واقیعێکی دروست کردووە، ئەگەر ریفراندۆمی کوردستان دانی پێدابنرێت، بارودۆخە بەرەو ئاراستەیەکی باشتر هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمریکا بۆچوونی بەو جۆرەیە کە ریفراندۆم تەرکیز لەسەر شەڕی دژی داعش کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر پشتگیری ریفراندۆممان بکردایە، ئەوا ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی تەنیا تەرکیزیان لەسەر داعش و حەویجە دەبوو، واتە سوپای عێراق تەنیا تەرکیزی لەسەر داعش دەبوو، بەڵام ئێستا جۆرێك لە داخزانی ئەرکەکەیان هەستی پێدەکرێت و حەشد و سوپا باس لە شەڕی دوای حەویجە و داعش دەکەن کە مەبەستیان شەڕە لەگەڵ کوردستاندا.

**بەغدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە لەلایەن ئەمریکاوە تیشکی سەوزی بۆ هەڵکراوە بەوەی دەتوانێت حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەکار بهێنێت بۆ گێڕانەوەی کەرکووک بە هێزی سەربازی، بەڵام ئەمە هێڵی سوورەو لە ئێستادا دەبێت ئەمریکا ئەم هێڵە سوورە پێشانی بەغدا بدات**

**وەک ئەفسەرێکی هەواڵگریی ئەمریکا ئەو شاهیدییە دەدەم کە بە باشترین هاوکاری هەواڵگری ئێمە لەگەڵ هێزە تایبەتەکانی عێراق لەکاتی شەڕەکەمان دژی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، بە هۆی ئەوە بووە کە ئەوکات هێزە تایبەتەکانی عێراق ٧٠٪ی پێشمەرگە بوون، بەڵام مالیکی دواتر فەرماندە کوردەکانی دەرکرد و بوونی کوردی لەناو ئەو هێزە تایبەتە پاکسازی کرد**

**ئەمریکا بۆچوونی بەو جۆرەیە کە ریفراندۆم تەرکیز لەسەر شەڕی دژی داعش کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر پشتگیری ریفراندۆممان بکردایە، ئەوا ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی تەنیا تەرکیزیان لەسەر داعش و حەویجە دەبوو**



**شێخ جەعفەر شێخ مستەفا**

**فەرماندەی یەکەی (٧٠)ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان:**

# ئەگەر عێراق پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز بەرێت دووچاری کارەساتێک دەبێت پاشان لێی رزگار نابێت

## هیچ هێزێک نییە بتوانێت لە ریفراندۆم پاشگەزمان بکاتەوە و شکۆی میللەتەکەمان بشکێنێت

**دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لە دوای ریفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێی ناوەتە قۆناخێکی دیکەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئیرادەی گەلی کوردستان و ئەو سەرکەوتنانە بوو کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی جەنابی بارزانی دژ بە تیرۆریستانی داعش تۆماریان کرد؛ هاوکات بەشداریکردنی خەڵکی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بەبێ جیاوازیی پێکهاتەکانی وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەم ناوچانە و گەڕانەوەیان بۆ سەر کوردستان؛ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانەو چەند بابەتێکی تایبەت بە هەڕەشەکانی دوای ریفراندۆم، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا فەرمانەدەی یەکەی (٧٠)ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کرد؛ لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بۆ خوێنەرانی گوڵان بڵاودەکەینەوە.**

*** ئەنجامدانی ریفراندۆم وەرچەرخانێکی گەورەی لە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستاندا دروستکرد، ئەم وەرچەرخانەش فەزڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەیە، ئەگەرچی فشارو پاڵەپەستۆکانی سەر دواخستنی ریفراندۆم گەورە بوون، بەڵام ئەو واقیعەی پێشمەرگە دروستی کردووە، وایکرد گەلی کوردستان ئیرادەی خۆی بسەپێنیت، ئایا چۆن سەیری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکەیت و تاچەند جیاوازی لە نیوان پێش ریفراندۆم و دوای ریفراندۆم دەکەیت؟**

- ریفراندۆم مافێکی ڕەوای هەموو میللەتێکە بۆ ئەوەی لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بێگومان ئێمەش وەك گەلی کوردستان هەر ئەو مافە ڕەوایەی خۆمانمان پیادە کردووە بۆ ئەوەی بزانین رای میللەتەکەمان بۆ سەربەخۆیی چییە، ئاکامی ریفراندۆمەکەش دەبێتە دیکۆمێنتێکی گرنگ بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان پیشانی جیهان بدەین کە دەیەوێت سەربەخۆ بێت، گومانیشی تێدا نییە گەلی کوردستان بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چوون بە ڕێژەی نزیکەی ٩٣٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی داوە. لەلایەکی دیکە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی گەلی کوردستان بڕیاری دا ریفراندۆم ئەنجام بدات؟ بێگومان وەڵامەکەی لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە ئێمە وەك گەلی کوردستان ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵە هەموو مافێکمان لە عێراقدا پێشێل کراوەو لەم پیناوەشدا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو زۆڵم و غەدرەی لە کورد دەکرێت، گەلی ئێمە پەنای بۆ شۆڕش و خەباتی چەکداری بردووە و هەر هەوڵێکیش هاتبێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیالۆگ کێشەکانی چارەسەر بکرێت، شۆڕشی کوردستان پێشوازی لێ کردووەو هەموو ڕێگەچارەکانی لە (لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی تا فیدڕاڵیی ئێستا تاقی کردۆتەوە بەڵام هەموویان شکستیان هێناوە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە شکستخواردووانە دووبارە نەکەینەوە، بڕیار درا گەلی کوردستان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدات.

*** حکومەتی عێراق زۆر باسی پابەندبوون بە دەستوور دەکات، ئایا ئەوان ئەو دەستوورەیان جێبەجێ کردووە؟**

- ئەو عێراقەی لە دوای ٢٠٠٣ ئێمە گەڕاینەوە بۆی، بۆ ئەوە بوو لە سەر بنەمای ئەو دەستوورە هاوسەنگی و تەوافق رابگرێت و کۆتایی بە مێژووی پێشووی چەوسانەوە و غەدر بەرامبەر کوردستان بهێنێت، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی شیعە وردە وردە کەوتنە سەرپێی خۆیان، بوونە خاوەنی هێز و دەسەڵاتی خۆیان، ئەوانیش کەوتنەوە پیادەکردنی سیاسەتی دوورخستنەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵات و دەستوورەکەیان پێشیلکرد. عێراقی دوای ٢٠٠٣ لەسەر بنەمای هاوسەنگی و تەوافق دامەزرابوو، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆیان لە پەرلەمانی عێراقدا بەسەر کورددا فەرز بکەن، دەبینین چییان بوێت بە زۆرینە و کەمینە بڕیار و یاساکانیان دەردەکەن، ئەمەش مانای وایە ئەو بنەمایەی عێراقی لەسەر دامەزراوەتەوە، ئێستا بوونی نەماوە و، ئێمە هەر کەمینە دەبین و ئەوان چییان بوێت بە زۆرینە بەسەرماندا دەیسەپێنن، لەلایەکی دیکەوە هەموو لایەك دەزانن عێراق سوپای نەمابوو، بەڵام دەسەڵاتدارانی شیعە هەر ئەوەندە هێزیان پەیدا کرد، ئەوە بوو بینیمان هێزیان هێنایە سەرمان لە قەرەتەپەو دوزخورماتوو، کە بەنیاز

**پەشیمانبوونەوە لە ریفراندۆم شکاندنی شکۆی ئەو میللەتەیەو هەر کەسێک ئەوە قبووڵ بکات، بەمانای ئەوەیە کە گەورەترین خیانەت لەو میللەتە و لەهەموو پیرۆزییەکانی دەکات**

**بەم ریفراندۆمە هەموو ناوچە کوردستانییەکان گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە ڕاپرسی بوو لە ناوچەکە، هەر لە کەرکووکەوە بۆ داقوق و خورماتوو جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپە تا دەگاتە ناوچەی مەخمور و شنگال واتە ئەمە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بوو**

**ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە داوای ئەوە دەکات کە ماندووبوونی خۆی و خوێنی شەهیدان و بریندارەکانی بەفیڕۆ نەدرێت و لەخزمەتی دەرئەنجامی ریفراندۆمەکەدا بین و ڕێز لە ئیرادەی میللەتەکە بگیرێت**

**یەکڕیزی ئەم میللەتە دەمانکاتە خاوەنی دەستکەوتی گەورە بۆ میللەتەکەمان، پێویستە هەر حزبە و دەستبەرداری هەندێک مەرام و خواستی خۆی بێت و بەرپرسەکانی پەنا نەبەنە بەر میدیاکان و لێدوانی نابەرپرسانەو نەبەجێ نەدەن و لە هێرشکردنە سەر ریفراندۆم و خواستی ڕەوای گەلی کوردستان و لەکەدارکردنی میللەت دوور بکەونەوە**

بوون هێرش بکەنە سەر کەرکووکیش، لەمەش زیاتر هەر لە سەردەمی نوری مالیکی ئەوەی بەعس نەیکردبوو، ئەویشی کرد، کە بڕینی بوجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بوو، سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستووریش کە دەبوو هەتا کۆتایی ٢٠٠٧ تەواوی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی چارەسەر بکردایە، بەڵام یەك بڕگەی ئەو ماددەیەش جێبەجێ نەکرا، تەنانەت پێیان دەگوتین ماددەی ١٤٠ بەسەر چووە، بۆیە ئەگەر ڕێزی ئەو دەستوورەیان بگرتایە، ئەوا ئێستا عێراق و کوردستانیش لە قۆناخێکی دیکەدا دەبووین. ئێستاش کە ریفراندۆممان ئەنجام داوە و گەلی کوردستان دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە، وەك دەبینین حکومەتی عێراق کەوتۆتە هەڕەشە و گوڕەشە، لەوانەیە خۆیان بیانەوێت وای پیشان بدەن کە ئەم هەڕەشانە لەبەر ریفراندۆمەکەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا سوودی یەکەمی ئەم ریفراندۆمە ئەوە بوو کە هەموو پیلان و دژایەتی حکومەتی عێراقی بۆ جیهان و گەلی کوردستان ئاشکرا کرد و دەریانخست کە چ نییەت و پیلانێکیان بەرامبەر بە کوردستان هەیە. بەڵام خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە کارێکی هێندە سووك و ئاسان نییە کە حکومەتی عێراق بتوانێت پەلاماری کوردستان بدات، بەڵام لەوانەیە لە هەندێك شوێن کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لێیە و حکومەتی عێراق دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت، هەندێك کێشە دروست بێت، بۆیە ئەگەر عێراق هەنگاوێکی لەو جۆرە هەڵبگرێت، خۆی تووشی کێشە و کارەساتێکی گەورە دەکات. ئاشکرایە هەموو جیهان دەزانێت هێزی پێشمەرگە سیاسەت و بەرنامەی شەڕی نییە، بەڵکو سیاسەت و بەرنامەی هێزی پێشمەرگە تەنیا بەگرییە لە کوردستان و دوورخستنەوەی شەڕ و گرژییە بۆ ئەوەی ڕوونەدات، ئێمە دەزانین شەڕ نە لە بەرژەوەندی ئێمە وەك گەلی کوردستان و نە لە بەرژەوەندی عێراقیشە، ئێستا خەڵکی عێراق پێویستی بە بونیادنانەوەو دابینکردنی خزمەتگوزارییە نەك لە شەڕێکی دیکەوە بگلێندرێن، بەڵام دەبێت هەموو لایەکیش بیزانین لەکاتێکدا کە عێراق نییەتی ئەوەی هەبوو بەهێزێك پەلاماری شوێنێك بدات لە کوردستان، ئەوە ڕاگەیاندنی شەڕە لە سەرتاسەری کوردستان، هەر لە شنگال تا مەندەلی، ئەو کات دەبێت عێراق چاوەڕێی ئەوە بکات کە ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێت و چارەسەرکردنی ئەو شەڕەش ئاسان نییە، بەڵام هەرچی لەتوانای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستاندا بێت، هەوڵدەدات بەهیچ جۆرێك فیشەکێکیش نەتەقێت بەرامبەر بەهێزە عێراقییەکان و هەموو کێشەکان بە دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێن

*** ئەوەی جێگەی شانازییە ئەوەیە کە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی کوردستان بوونە بەشێك لە پرۆسەی ریفراندۆم، ئەم لایەنە لەگەڵ ئەوەی بەرەنجامی ئەخلاقی پێشمەرگەیە کە بۆ ئەو خەڵکەی سەلماند، بێ جیاوازی دەیانپارێزێت، ئەمەش وایکرد لە پرۆسەکە بینیمان بێجگە لە کورد، تورکمان و عەرەب و مەسیحی دەنگیان دا، ئایا تاچەند ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو ناوچانە دەبێتە هۆکاری گەڕانەوەیان و سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی؟**

- کاتێك تەماشای پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەو جۆش و خرۆش و تامەزرۆییەی بەشێك لە تورکمانەکان و بەشی هەرەزۆری عەرەبەکان پیشانیان دا، بە ڕاستی جێگەی سەرسامی بوو، گەڕەك هەبوو لە کەرکووك یەك کوردی لێ نەبووە و هەر هەموو دانیشتووانەکەی عەرەب بوون و شوێنەکە تەعریبیش بووە، خۆیان هاتوون داوایان کردووە کە سندوقی دەنگدانیان بۆ دابنێین و دڵخۆشییان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی ریفراندۆمدا دەربڕیوە، هەر بۆیە ئەگەر خەڵك وابزانێت عەرەب دەنگی بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەداوە، ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و لەلایەکی تر ئێستا عەرەبی سوننە لە دوای ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی حەویجە لە ترسی هێزە عێراقییەکانی شیعە ڕادەکەن، بەپێچەوانەوە دێن پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دێنن، چونکە باوەڕ و متمانەیان بەکورد هەیە. ئێستا دەبینین هەرچی عەرەبی ئەو ناوچەیە هەیە هەمووی ڕۆژانە بە هەزاران خەڵکی عەرەب و خێزانەکانیان ڕوو لە ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەو کوردستان دەکەن و خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەو کورد دەکەن، عەرەبی سوننە باش دەزانن و دڵنیان ژیان و ماڵ و گیانیان لەلای کوردو کوردستان پارێزراوە و هەر هەمووشیان بە ئاشکرا دەڵێن کە لەترس و

تۆقاندنی هێزە عێراقییەکان رایانکردووە و ئاوارە بوون. هەر بۆیە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە زۆر بەحەماسن کە لەگەڵ کورد بژین و بە سەدەها گەنجی عەرەبی ئەو ناوچانە داوادەکەن ببەن بە پێشمەرگە و چەك هەڵبگرن و پارێزگاری لە ناوچەکانیان و سنووری کوردستان بکەن، لەلایەکی تر من دەبینم لەو ناوچە کوردستانییانەدا یەکگرتوویەکی زیاتر هەیە لە جاران لەبەر ئەوەی ئەوان پێیانوایە و ئێمەش هەنگاو بەو ئاراستەیە دەنێین کە مافی هەموو ئەو نەتەوەو پێکهاتانەی لە کوردستان دەژین، بەبێ جیاوازی ئایین و مەزهەب و زمان و کەلتوور بۆیان دابین بکرێت، وەکو هەموو هاووڵاتیەکی تر کە لە کوردستان دەژین، ئەو هەندێ گرووپەشی کە خۆیان بەو جۆرە نمایش دەکەن، کە دژن، هیچی لە بیروباوەڕ و مەبەستی خۆیان نییە، بەڵکو دەستی دەرەکی لە پشتیانەوەیە و دەیانجووڵێنێ و هیچ لەو لایەنە دژانەش نوێنەری راستەقینە و زۆرینەی تورکمان و عەرەبی ناوچەکە و شاری کەرکووك نین.

*** لەدوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم حەشدی شەعبی هەڕەشە لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دەکات، ئایا تاچەند هێزی پێشمەرگە ئامادەیە بەرگری لەو ناوچانە بکات؟ هەروەها ئایا تاچەند حەشدی شەعبی دەتوانێت ئەم هەڕەشانە بکات بەکردار؟**

- ئەگەر حەشدی شەعبی وەك خۆیان ئیدعای دەکەن لەژێر فەرمانی سەرۆك وەزیرانی عێراقن وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ئەوا ناتوانرێت بڕیاری شەڕ دژی کوردستان بدرێت، بەهەمان شێوەش کە فەرمانەکەی لای فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە لێرەشەوە فەرمانی شەڕ نادرێت، بۆیە شەڕ بە مانای شەڕێکی گەورە روونادات، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد لەوانەیە هەندێك گرووپی حەشدی شەعبی کە دەتوانن لاساری بکەن و پەیڕەوی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ناکەن، لەوانەیە کێشەی بچووك روودات. هەر شتێکیش خوانە خواستە روودات، ئەوا هێزی پێشمەرگە ئامادەیە بۆ ئەوەی بە خێرایی چارەسەری بکات و ئەو ئاڵۆزیی و نائارامییە بڕەوێنێتەوە. ئێستا ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دۆستایەتییەکی باشمان لەگەڵ سوپا و پۆلیسی فیدڕاڵ و تەنانەت حەشدی شەعبی هەیە، بۆیە ئەو پەیوەندی و هەماهەنگییەی کە هەیە ئەگەری شەڕ زۆر دوور دەخاتەوە. لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵیشدا بەهەمان شێوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپاو پۆلیسی فیدڕاڵی عێراق پێکەوە لەیەك سەنگەردا شەڕمان کردووەو خوێنمان رژاوە و موسڵ و شوێنەکانی دیکەمان ئازاد کردووە، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هیچ هێزێکی عێراقی هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و هەر کێشەو گرفتێکیش لە شوێنێك روو بدات هەر زوو هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین و رێگە نادەین تەشەنە بکات بۆ شوێنەکانی تر. ئەمەش لە روانگەی ئەوەوە هاتووە کە پێمانوایە گفتوگۆ و دانیشتن چەند بخایەنێت زۆر باشترە تەنانەت لە پێنج دەقیقە شەڕ.

*** بەڵام لەلایەن هەندێك لە بەرپرسانی حەشدی شەعبییەوە هەڕەشەو قسەو لێدوانی توند دژی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە دەدرێت، ئایا پێتوانییە ئەمە سەرەتایە بۆ تەشەنەکردنی ناکۆکی؟ ئەگەر کێشەو گرفت رووبدات و هێرش بکرێتە سەر کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئامادەباشیدایە بۆ پارێزگاریکردنی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کە سوپای عێراق بەهاوبەشی لەگەڵ سوپای تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئێران مانۆڕی سەربازییان لە نزیك سنوورەکانی کوردستان دەست پێکردووە؟**

- ئەو مانۆڕە سەربازییانە زۆر ئاساییە و هەندێ جار بۆ فشارو پاڵەپەستۆ کردنە لەسەر وڵاتێك، یان بۆ مەبەستێکی تایبەتە، چەند رۆژێك پێش ئێستا ئێران و تورکیا لەگەڵ هێزە عێراقییەکان لەنزیك سنووری کوردستان و تورکیا مانۆڕی سەربازییان ئەنجام دا، مەبەستیان پیشاندانی هێزو پاڵەپەستۆیە لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەئەنجامی پرۆسەی ریفراندۆمەکەمان پەشیمان ببینەوە، ئێمە وەکو کوردو کوردستان مانۆڕە سەربازییەکانیان بە کارێکی ئاسایی و بەسادەیی دەبینین، بەڵام هیچ هێزێك نییە پاشگەزمان بکاتەوە لە ریفراندۆم، بەڵام ئامادەشین بۆ هەموو گفتوگۆو دیالۆگێك و هەر هێزێکیش بیەوێت غەدرمان لێ بکات و هێرش بکاتە سەرمان، ئەو کاتە بەتەئکید ئەوەی لە توانامان بێت رووبەڕوویان دەبینەوە و ئەمڕۆش هێزەکانی هاوپەیمانان لە

**هەر وڵاتەو بۆ بەرژەوەندی خۆی گرووپێکی لە سنوورەکەی خۆی داناوە کە هاوکاری و پاڵپشتی دەکات بۆ هەڕەشە پێکردن لە دەوڵەتەکەی دەوروبەری، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئەمنییەتی ئێمەش تێکبچێت، ئەو دەوڵەتانە خۆیان چەندین رێکخراو و هێزیان دژی یەکتر دروست کردووە، تەنانەت لەدژی بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش بەکاریان دەهێنن**

**مەشق و راهێنان و خول بۆ پێشمەرگە بەردەوامە و رێکخستنەوەی پێشمەرگەو بوونی بەرنامەیەکی گەورەی هاوپەیمانان کە لەلایەن بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئەمریکا کاری لەسەر دەکرێت کە بۆ رێکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەکانی پێشمەرگە هەیەو لەجێبەجێکردندایە، جگە لەوە راوێژکارانی زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانان ئێستاکە لە وەزارەتی پێشمەرگەن**

**هێزەکانی هاوپەیمانان لە گۆڕەپانەکەن کە دەزانن رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەو شەڕی دژی داعش چی بووەو چەند گرنگ و کاریگەریی لەسەر تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش هەبووەو چەندین شەهید و بریندارمان داوەو هاوپەیمانان لە مەینەتی و رابردووی ئێمە گەیشتوون**

**وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دۆستایەتییەکی باشمان لەگەڵ سوپا و پۆلیسی فیدراڵ و تەنانەت حەشدی شەعبی هەیە، بۆیە ئەو پەیوەندی و هەماهەنگییەی کە هەیە ئەگەری شەڕ زۆر دوور دەخاتەوە**

**ئێستا عەرەبی سوننە لە دوای ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی حەویجە لە ترسی هێزە عێراقییەکانی شیعە رادەکەن، بە پێچەوانەوە دێن پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دێنن، چونکە باوەڕ و متمانەیان بەکورد هەیە**

**گەڕەک هەبوو لە کەرکووک یەک کوردی لێ نەبووە و هەر هەموو دانیشتووانەکەی عەرەب بوون و شوێنەکە تەعریبیش بووە، خۆیان هاتوون داوایان کردووە کە سندوقی دەنگدانیان بۆ دابنێین و دڵخۆشییان بۆ بەشداریکردن لە پڕۆسەی ریفراندۆمدا دەربڕیوە**

گۆڕەپانەکەن کە دەزانن رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەو شەڕی دژی داعش چی بووەو چەند گرنگ و کاریگەریی لەسەر تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش هەبووەو چەندین شەهید و بریندارمان داوەو هاوپەیمانان لە مەینەتی و رابردووی ئێمە گەیشتوون، هەر لە ئێستاوە بەهەموو تواناوە هەوڵدەدەن، ئەوە ئەمریکا، ئەوە سەرۆکی فەرەنسا بە پڕۆژەوە هاتووە، ئەوە بەریتانیا و چەندین وڵاتی تر کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەونە گفتوگۆ و دانیشتنێکی جددی، هەروەها جەنابی سیستانی مەرجەعی شیعە لە عێراقدا داوایەکی کردووە بۆی هەیە زۆربەی خاڵەکانی لە بەرژەوەندیی ئێمە نەبێت، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان قبوڵی کردووەو وەڵامیشی داوەتەوە کە لەسەر فتواکەی سیستانی دەست بکرێت بە دانیشتن و گفتوگۆ، بەڵام ئەو مەرجانەی کە ئەمڕۆ دانراون قابیلی قبووڵکردن نین و بەهیچ جۆرێکیش پاشگەزبوونەوە لە ریفراندۆم ناکرێت و هیچ کەسیش نییە بتوانێت شکۆی ئەو میللەتە بشکێنێت، یان لەکەداری بکات و پەشیمانبوونەوە لە ریفراندۆم شکاندنی شکۆی ئەو میللەتەیەو هەر کەسێك ئەوە قبووڵ بکات، بەمانای ئەوەیە کە گەورەترین خیانەت لەو میللەتە و لەهەموو پیرۆزییەکانی دەکات.

*** لایەنێکی دیکەی ریفراندۆم ئەوەیە یەکڕیزییەکی دروستکردووە کە جێگەی دڵخۆشییە، لەمەش زیاتر لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر رەنگی داوەتەوە، ئەم لایەنە کاریگەریی تەواوی فەرماندە سەربازییەکانی وەك بەڕێزتانی پێوە دیارە، ئایا تاچەند لە سنووری خۆتدا لەگەڵ برا پێشمەرگەکان هۆکاربوون بۆ ئەم یەکڕیزییەو سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم؟**

- یەکڕیزیی پێشمەرگە هی ئەمڕۆ نییە، هێزی پێشمەرگە هەر لەسەرەتاوە یەکڕیز بووە، هەرچەندە ململانێی لەنێوان حزب و پارتەکان لە کوردستان هەبووە، بەڵام هێزی پێشمەرگە هەر یەکڕێز بووە و لە هەموو بەرەو سەنگەرەکان بەرامبەر بە دوژمن وەستاون و خوێنیان بەیەکەوە لە سەنگەرەکان رشتووە، هەر لە جەلەولاو سەعدیە تا دەچیتە شنگال، سوپاس بۆ خوا هێزی پێشمەرگە دوور بووە لە ململانێی نێوان حزبەکان و بۆتە هێزێکی نیشتمانی و پێشمەرگە هێزی میللەتەکەیەتی. ئێمە پێمانوایە حزب ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانج و لە هەندێ کاتدا ناتوانی بە قسەی کەسێکی سیاسی لە حزبەکەت بکەیت، ئەگەر لە ئامانجەکە لابدات، بەڵام پێشمەرگە تەنیا لەو رێگاو ئامانجە لانادات کە لە بەرژەوەندیی میللەتەکەی بێت، ئێمە پێشمەرگە نین بۆ حزبەکەمان، بەڵکو پێشمەرگەین لە حزبەکەمان بۆ میللەتەکەمان و هەر حزبێك بە پێی بەرنامەی خۆی تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی میللەتەکەی، جا یەکێك بووە بە پارتی و یەکێك بووە بە یەکێتی و یەکێك بووە بە شیوعی و ئەوەی تر بووە بە سۆشیالیست، لە راستیشدا سەرکردایەتی هیچ حزبێکیش داوای لە هێزەکەی نەکردووە کە سەنگەر چۆڵ بکە، یان ریزی پێشمەرگە تێکبدە، ئەوەش جێگای تەقدیرە کە سەرکردایەتییە سیاسییەکانیش رۆڵی بەرچاویان لە یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگەدا هەبووە.

*** حکومەتی ئێران و عێراق بە پڕوپاگەندەکانی خۆیان دەیانەوێت ئەوە پیشان بدەن کە هاوپەیمانان لە دوای ریفراندۆم وەك پێویست هاوکاری پێشمەرگە و کوردستان ناکەن، ئایا ئەمە هیچ ئەساسێکی هەیە، یان هیچ گۆڕانکارییەك دروست بووە؟**

- هیچ هاوکارییەك لە هێزی پێشمەرگە نەبڕاوە و ئەو هاوکارییانەی تا ئێستا بۆ ئێمە هەبووە بۆ شەڕی داعش وەکو خۆی بەردەوامە، وەکو مەشق پێکردنی پێشمەرگە کە ئێستا بەردەوامە و پێویستی پێشمەرگە لەهەندێ بواردا، هەرچەندە ئەوە پەیوەندی زیاتر بە وەزارەتی پێشمەرگەیەو ئەوان زیاتر ئاگاداری کارو وردەکارییەکانن، بەڵام ئەوەی من دەیبینم مادام مەشق و راهێنان و خول بۆ پێشمەرگە بەردەوامە و رێکخستنەوەی پێشمەرگەو بوونی بەرنامەیەکی گەورەی هاوپەیمانان کە لەلایەن بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئەمریکا کاری لەسەر دەکرێت کە بۆ رێکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەکانی پێشمەرگە هەیەو لە جێبەجێکردندایە، جگە لەوە راوێژکارانی زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانان ئێستاکە لە وەزارەتی پێشمەرگەن و کۆمەڵێ شتی تر کە ئەوانە هەمووی بەڵگەن بۆ ئەوەی هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبن، بەڵام بۆی هەیە هاوکارییەکان پێشوو بگۆڕێت و لەمەودوا بەجۆرێکی تر بێت، گەرچی پێویست ناکات ئێستاکە لێرەدا باسی شێوەو چۆنیەتی

هاوکارییەکانی لەمەودوا بخەمەڕوو.

*** هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاچەند ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی سەقامگیری و پرۆسەی ئاشتی نێوان کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی لەگەڵ بوونی سنوورێکی فراوان و سەختی شاخاوی نێوان ئێمەو کوردستانی باکورو ڕۆژهەڵات؟**

- حکومەتی کوردستان لەسەر بنەمای هاوسێیەتیی باش مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانی دەکات و لەم چوارچێوەیەشدا ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئاسایشی سنوورەکانی خۆمان بپارێزین، گەرچی ئەو دەوڵەتانە وەك پێویست ئاسایشی خۆیان نەپاراستووە، چونکە هەر وڵاتەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی گرووپێکی لە سنوورەکەی خۆی داناوە کە هاوکاری و پاڵپشتی دەکات بۆ هەڕەشە پێکردن لە دەوڵەتەکەی دەوروبەری، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئەمنییەتی ئێمەش تێکبچێت، ئەو دەوڵەتانە خۆیان چەندین ڕێکخراو و هێزیان دژی یەکتر دروست کردووە، من نامەوێت لێرەدا ناویان بهێنم کە چۆن هاوکاری و پاڵپشتی دەکرێت و تەنانەت لە دژی بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش بەکاریان دەهێنن، هەر بۆیە ئەوە ئێمە نین هەڕەشە بین بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ، بگرە خۆیان گرووپ و ڕێکخراو و حزبی چەکداریان دروست کردووەو پاڵپشتی دەکەن و وایانکردووە زۆربەی جار ناسەقامگیری لەسەر سنوورەکانی لێبکەوێتەوە.

*** چۆن سەیری ئەو یەکڕیزییەی نێوان حزبە کوردستانییەکان دەکەن کە توانییان لێژنەی باڵای ریفراندۆم بگۆڕن بە ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان – عێراق؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا، یەکڕیزیی ئەم میللەتە دەمانکاتە خاوەنی دەستکەوتی گەورە بۆ میللەتەکەمان، پێویستە هەر حزبە و دەستبەرداری هەندێك مەرام و خواستی خۆی بێت و بەرپرسەکانی پەنا نەبەنە بەر میدیاکان و لێدوانی نابەرپرسانەو نەبەجێ نەدەن و لە هێرشکردنە سەر ریفراندۆم و خواستی ڕەوای گەلی کوردستان و لەکەدارکردنی میللەت دوور بکەونەوە، پێویستە هەرچی گرفت و کێشەمان هەیە لە ڕێگەی دانوستاندن و لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەری بکەین. من وەکو پێشمەرگەیەك پێموایە ئەوەی لە میدیاکان و لێرەو لەوێ لێدوانی ناپەرسانە دەدەن و کەناڵەکان بەداخەوە یارمەتیدەریانن، هەمووی موزایەدەیە، بەڵام خۆشبەختانە میللەتی ئێمە ئەوەندە ئەزموونی لەسەر موزایەدە و بەڵێن و قسەی باق و بریقدار و لەخشتەبردن هەیە و تێر بووە و چیدی بەو قسانە لە خشتە نابرێت. خۆشبەختانە ئەمجارە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەبوو، هەندێك لایەنیش کە دژ بوون، دواتر هاتن بۆ ریفراندۆم و جەماوەرەکەی خۆشیان هان نەدا بۆ ئەوەی نەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ نەدەن، ئەوانیش بە هاتنی خۆیان و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نیشانیان دا کە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندان، هیوادارم سوود لەم حاڵەتە وەربگیرێت. من ناڵێم کەموکورتی لەم وڵاتەدا نییە بەڵام خۆ دەستکەوت و شتی باشیش هەیە کاری لەسەر بکەین و دەوڵەمەندتری بکەین، با پێکەوە دانیشین و شتە خراپەکان چارەسەر بکەین. ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە داوای ئەوە دەکات کە ماندووبوونی خۆی و خوێنی شەهیدان و بریندارەکانی بەفیڕۆ نەدرێت و لە خزمەتی دەرئەنجامی ریفراندۆمەکەدا بین و ڕێز لە ئیرادەی میللەتەکە بگیرێت، ئێستا لە زۆر شوێن داگیرکەر و دوژمن هەیە کە دژی ریفراندۆم لە ناوخۆ و دەرەوە کاردەکات و نازانین مەبەست و مەرامی چییەو لە پێناو چی دژی ئیرادەو خواستی گەلەکەی بووەتەوە و بۆچی وا بەو شێوەیە لەدژی میللەت و خواستی خەڵکەکەی کار دەکات.

*** ئێستا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە هەوڵێك هەیە بۆ گەڕانەوەی ئیدارەی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئایا وەکو فەرماندەیەکی پێشمەرگە چۆن سەیری ئەو هەوڵە دەکەن؟**

- بەم ریفراندۆمە هەموو ناوچە کوردستانییەکان گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە ڕاپرسی بوو لە ناوچەکە، هەر لە کەرکووکەوە بۆ داقوق و خورماتوو و جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپە تا دەگاتە ناوچەی مەخمور و شنگال و هەموو ئەو ناوچانەی تر کە ریفراندۆمی تێدا کراوەو دەنگیان داوە بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەمە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بووە، ریفراندۆم کوردستانی کردە یەکپارچە و بە هیچ جۆرێك نابێت جارێکی تر وشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بەکار بهێنین. لەدوای ریفراندۆم زۆر لە وشەو زاراوە گۆڕاوەو بەسەرچووە، ئێستا دەبێت بڵێین کوردستان.

**سوودی یەکەمی ئەم ریفراندۆمە ئەوە بوو کە هەموو پیلان و دژایەتی حکومەتی عێراقی بۆ جیهان و گەلی کوردستان ئاشکرا کرد و دەریانخست کە چ نییەت و پیلانێکیان بەرامبەر بە کوردستان هەیە. بەڵام خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە کارێکی هێندە سووک و ئاسان نییە کە حکومەتی عێراق بتوانێت پەلاماری کوردستان بدات**

**هەموو لایەک دەزانن عێراق سوپای نەمابوو، بەڵام دەسەڵاتدارانی شیعە هەر ئەوەندە هێزیان پەیدا کرد، ئەوە بوو بینیمان هێزیان هێنایە سەرمان لە قەرەتەپەو دوزخورماتوو، کە بەنیاز بوون هێرش بکەنە سەر کەرکووکیش، لەمەش زیاتر هەر لە سەردەمی نوری مالیکی ئەوەی بەعس نەیکردبوو، ئەویشی کرد، کە بڕینی بوجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بوو**

**هەر هەوڵێک هاتبێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیالۆگ کێشەکانی چارەسەر بکرێت، شۆڕشی کوردستان پێشوازی لێ کردووەو هەموو ڕێگەچارەکانی لە (لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی تا فیدراڵیی ئێستا تاقی کردۆتەوە بەڵام هەموویان شکستیان هێناوە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە شکستخواردووانە دووبارە نەکەینەوە، بڕیار درا گەلی کوردستان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدات**



# ئەزهەر .. تۆش؟

وێڕای ئەو هەموو چاکەو کارە جوانانەی یۆلیۆس قەیسەر ئەنجامی دا، کەچی کەسە نزیکەکانی خیانەتیان لێکردو بڕیاریان دا پێکەوەو یەك لەدوای یەك، بە شمشێر و خەنجەر بەربنە جەستەی، دوا کەس کە شیری لە جەستەیدا چەقاند، هاوڕێیەکی بوو بە ناوی بروتس کە زۆرترین چاکەی لەگەڵدا کردبوو، بۆیە قەیسەر بە سەرسوڕمانەوە وتی: تەنانەت تۆش بروتس؟!

ئێمەی گەلی کوردستان و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە ئەکادیمییە ئایینییەکانیش مافی خۆمانە روو بکەینە دامەزراوەی ئەزهەر و بڵێین: ئەزهەر. تۆش؟


لە کوردستان رێزی زۆرمان لە دامەزراوەو زانکۆی ئەزهەرو زانایانی گرت و، رێگەیان پێدرا پەیمانگەیان لە کوردستاندا دابمەزرێنن و خولی ئایینی بۆ زانایان بکەنەوە، لەو کاتەی کە بۆیان نەبوو بەسەردانیش بچنە ناوچە سوننەنشینە عەرەبییەکانی عێراق لە ترسی حەشدی شەعبی و میلیشیاکان.

بۆیە ئەگەر کاردانەوەو قسەی رەقی زۆرێك لە وڵاتانی دۆستیش تووشی شۆکی کردبین بەهۆی هەڵوێستی خراپیان لە پرۆسەی ریفراندۆم، ئەوا بەیاننامەکەی ئەزهەر وەك هەڵگەڕانەوەکەی بروتس ئازاری زیاتری پێبەخشین، چونکە لەپای ئەو هەموو چاکەیەی کە ئێمە لەگەڵ ئەزهەردا کردمان، هەرگیز چاوەڕوانی بەیاننامەی وا خراپمان لێنەدەکردن.

بۆیە لەکاتێکدا گەلی کوردستان وەك مافێکی رەوای خۆی، لە گشتپرسییەکی یاساییدا، داوای سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی کرد، لەلامان چاوەڕوانکراو بوو دەوڵەتانێك دژ بەم خواستە رەوایەمان بوەستنەوە، لەبەر هەر هۆیەك، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو تا رادەیەکی زۆر، هەڵوێستی نابرایانەی ئەزهەر بوو، چونکە:

یەکەم: ئەزهەر ئەوە دەزانێت کە دەوڵەتی کوردستان لە حاڵەتی دروستبوونیدا دەبێتە سەرچاوەی خێرو خۆشی بۆ گەلانی جیهان





**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

بەگشتی، چونکە ئەوە سەڵاحەددینی باپیری کوردان بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئەیوبییدا دووبارە ئەزهەری خستەوە سەر ڕێڕەوی ڕاست و دروست، بۆیە ئەم هەڵوێستەی ئەزهەر بێوەفاییەکی کەم وێنەیە بەرامبەر نەوەکانی سەڵاحەددین.

دووەم: لەسەرتاسەری ئەو عێراقەی کە ئەزهەر لە خەمی یەکپارچەییدایە، تەنیا لەکوردستاندا ئەزهەر توانیویەتی پەیمانگای هەبێت و سەردان بکات و خول بکاتەوە، ئەگەر ئەزهەر لای وایە عێراقی یەکگرتوو هێندە پێویستە با بچێت پەیمانگەکەی بەرێتە یەکێك لە شارەکانی عێراق تا کاردانەوە و هێرشی میلیشیاکان بە چاوی خۆی ببینێت.


سێیەم: لەکاتێکدا ئەزهەرو هاوشێوەکانی داوای پابەندبوون بە دەستوورمان لێدەکەن، ئەزهەر خۆی بەپێچەوانەی دەستووری عێراقەوە دەدوێت، چونکە ماددەی ١١٧ی ئەو دەستوورە بە خاکی ئێمە دەڵێت هەرێمی کوردستانی عێراق، کەچی ئەزهەر ناوی کوردستان دەگۆڕێت بە ناوچەی باکوور!

چوارەم: ئەزهەر و هاوشێوەکانی لەو کاتەی زۆر قسە لەسەر ئیستعماری ڕۆژئاوا دەکەن، بەڵام هەر خۆیان باشترین خزمەتکاری سیاسەتەکانی ئیستیعمارن، کاتێك داوای پاراستنی ڕێککەوتننامەی ناڕەوای سایکس پیکۆ دەکەن.

پێنجەم: سەیرە ئەزهەر قسە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسرائیل دەکات لەلایەن چەند لاوێکی بێ ئەزموون و کەم تەمەنی کوردەوە، کەچی وڵاتەکەی خۆی لەساڵی ١٩٧٧ ـەوە ڕێککەوتننامەی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیدا هەیە و ئاڵای ئیسرائیلیش بەفەرمی لە قاهیرەو زۆر وڵاتی دیکەی عەرەبیدا دەشەکێتەوە، بێ ئەوەی ئەزهەر وشەیەکی لەو بارەوە لەدەم دەرهاتبێت.

بۆیە ئێمە لە کۆڕبەندی هزری ئیسلامیی کوردستان بە توندی بەیاننامەیەکەی ئەزهەر ڕەددەکەینەوەو، داواکارین لە دامەزراوەی ئەزهەر کار بە فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام بکات - درودی خوای لەسەر – کە دەفەرموێت:

هەر کەس باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، با چاك بڵێت، یان بێدەنگ بێت.



**جێرەمی پرێسمان پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی کەنێتیکیت، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ناکۆکیی عەرەب-ئیسرائیل، سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەدات. بۆ قسەکردن لەسەر هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاوتوێکردنی ریشە و هۆکارەکانی ئەو قەیران و تەنگژانەی رووبەڕووی ئەم ناوچەیە بوونەتەوە، لەگەڵ چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە لە ئێستادا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەل و مەرجێکی دژواردا تێدەپەڕێت، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترینی ئەو پەرەسەندنانە چین کە مایەی نیگەرانییەکی قووڵن و دەبێت بەپەلە کار و کۆششی جددی بۆ چارەسەرکردنیان بکرێت؟**

- لە راستیدا دەتوانین ئاماژە بەو ناسەقامگیرییە بکەین کە لە دوای راپەڕینە عەرەبییەکانەوە هاتنەئاراوە، وەك شەڕە ناوخۆییەکان لە لیبیا، سووریا و یەمەن. لەلایەکی دیکەوە ئێمە بەردەوام هەوڵ و کۆششەکانی ئێران بەدی دەکەین بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا، لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمریکا، سعودیە، ئیسرائیل بۆ جڵەوکردنی ئێران. لە هەمان کاتدا خەڵکە ئاساییەکە لە نێو بەرداشی شەڕە بەردەوامەکاندا گیریان خواردووە.

*** ئاماژەتان بە راپەڕینە عەرەبییەکان کرد لە سەرەوەختی ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، کە لەو کاتەدا ئومێد و هیوایەکی زۆر هاتنەئاراوە بە حوکمڕانی و ژیانێکی باشتر، بەڵام دۆخێکی تەواو جیاواز دروست بوو، کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا پرسی بە دیموکراسیبوونی پاشەکشەی کردووە؟**

- بەڵێ، ئەمە وایە. بەرچاوترین و زەقترین وڵاتێك کە راپەڕینی بەخۆوە بینی لە ساڵی ٢٠١١دا، وڵاتی میسر بوو کە ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ دیکتاتۆریەتی سەربازی.

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا چەندین گرووپی تیرۆریست و توندڕەو هەن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە وێرانکاری و کوشتارێکی بێ پێشینەیان دروست کردووە لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکارە بونیادی و قووڵەکانی دروستبوونی ئەم گرووپانە چین و باشترین رێگاچارەی بەرەنگاربوونەوەیان چییە؟**

- لە راستیدا هۆکارەکان جۆراوجۆرن. لە وڵاتە سەرکوتکارەکاندا دەرفەت و دەروازەی گوزارشتکردنی سیاسی لە خەڵکی دادەخرێن. ئەو کاتەش گرووپی کەمینە وەك تەنیا بەدیل پەنا بۆ گرتنەبەری توندوتیژی دەبات. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، رێگا بە گرتنەبەری رێگاچارەی سیاسی بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس نادرێت، دووبارە لەم حاڵەتانەشدا هەندێ کەس پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەبات بۆ بەرەوپێشبردنی کێشەکەی خۆی. کەواتە لەم حاڵەتانەدا و لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی (هەروەك مارك ساگیمێن لە توێژینەوەکاندا ئاماژەی پێکردووە) یان کەف و کوڵی ئایدیۆلۆژی، یان ئایینی، گرتنەبەری کاری توندوتیژی وەك بەدیلێکی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت.

*** ئایا راوبۆچوونت چییە لەبارەی دەستتێوەردانی دەرەکییەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا پێتوایە هەمیشە ئەو دەستتێوەردانانە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە، یاخود هێزە دەرەکییەکان دەتوانن بەشدارییەکی بنیادنەرانەیان لەم رووەوە هەبێت؟**

- لە راستیدا زۆر زەحمەتە بەشدارییەکی بنیادنەرانەیان هەبێت. چونکە جیاوازیی تێگەیشتن لەئارادایە، واتە رەنگە زۆرێك لە سەرکردە و سەرباز و تەنانەت دیپلۆماتکارەکانیش تێگەیشتنێکی تەواویان نەبێت لەبارەی جیاوازییە

**رەنگە ئێران و ئەمریکا بتوانن بگەنە تێگەیشتنێک، بەڵام ئەمە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا روونادات. هەروەها ئەگەر ئەمریکاش ئامادەیی کارێکی لەم شێوەیەی هەبێت، ئەوا سەرکردەکانی ئیسرائیل و سعودیە بە توندی بەرهەڵستی دەکەن**

**لە وڵاتە سەرکوتکارەکاندا دەرفەت و دەروازەی گوزارشتکردنی سیاسی لە خەڵکی دادەخرێن. ئەو کاتەش گرووپی کەمینە وەک تەنیا بەدیل پەنا بۆ گرتنەبەری توندوتیژی دەبات**

## جێرەمی پرێسمان

بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی كەنێتیكیت بۆ گوڵان:

# یەكێك لە باشترین سیناریۆكان بۆ ئایندەی ناوچەكە قبووڵكردنی سەربەخۆیی كوردستانە

كەلتووری و زمانی و مێژوویەكانەوە. هەروەها رەنگە هاوپەیمانە دەرەكییەكەی وڵاتەكە لە ناوخۆدا هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەكی جیاوازتر بدات، بەو پێیە هەردوولا ئامانج و بەرژەوەندیی جیاوازیان دەبێت. بەڵام ئایا دەستێوەردانی سەربازی و «بنیادنانی نەتەوە» هەرگیز سەركەوتوو دەبن؟ من مەزەندەی ئەمە دەكەم. بەڵام وڵاتی ئەمریكا لەبەرچاو بگرن كە تۆمارێكی باشی نییە لە ڤێتنام، عێراق و ئەفغانستاندا.

*** چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانیت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا پێتوایە ئێران بەشێكە لە كێشەكە، یان دەتوانرێت بكرێتە بەشێك لە چارەسەر؟**

- رەنگە ئێران و ئەمریكا بتوانن بگەنە تێگەیشتنێك، بەڵام ئەمە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا روونادات. هەروەها ئەگەر ئەمریكاش ئامادەیی كارێكی لەم شێوەیەی هەبێت، ئەوا سەركردەكانی ئیسرائیل و سعودیە بە توندی بەرهەڵستی دەكەن.

*** كێشەیەكی دیكەی قووڵ و درێژخایەن هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە بریتییە لە ركابەری تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا، چۆن لەم كێشەیە دەڕوانن و ئایا چۆن دەكرێت مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت؟**

- من نازانم. واتە بیر لەوە دەكەمەوە كە ئایا تا چ رادەیەك كێشە راستەقینەكە بریتییە لە ركابەریی جیۆپۆلەتیكی. هەروەك توێژەرانی وەك گریگۆری گۆس و ئەلیزابێس هورد و ئەوانی دیكە ئاماژەیان پێكردووە، لێكدانەوەی تایفەگەری كەموكوڕی و هەڵەی تێدایە. واتە پرسیارەكە ئەوەیە چۆن هەندێ جار گرووپە تایفەگەرییە ركابەرەكان پێكەوە كار دەكەن؟ بۆ نموونە حەماس و ئێران؟ ئەی بۆچی زۆرێك لە گرووپە سوننەكان پێكەوە هاوكاری یەكتر ناكەن؟ بۆ نموونە ئیخوان موسلمین، داعش و ئەلقاعیدە؟

*** ئێمە دەزانین كە جگە لە كێشە و ناكۆكیی تایفەگەری، كێشەی ئیتنی و نەتەوەییش هەن لەم ناوچەیەدا، بۆ نموونە لە ئێستادا كوردی عێراق لە ناكۆكییەكی قووڵدایە لەگەڵ حكومەتی عێراق كە كوردی ناچار كرد ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدات، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا رێگاچارەكانی یەكلاكردنەوەی ئەم كێشانە چین؟**

- لە راستیدا بژارەكان ئاسان نین. قبووڵكردنی سەربەخۆبوونی كورد لە عێراقدا رەنگە قبووڵكردنی سەربەخۆبوونی كوردی سووریاشی بەدوادا بێت. ئەمە ئاڵوگۆڕێكی گەورە دەبێت بە بەراورد بە ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا.

*** پێشبینییەكانت بۆ ئایندەی ناوچەكە لە رووی باشترین و خراپترین سیناریۆوە چین؟**

- لە راستیدا ئەو هەل و مەرجەی ئێستادا لە ئارادایە هەڵگری كێشە و گرفتی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێ، بۆی هەیە بارودۆخەكە خراپتریش بێت. ئەمە خراپترین سیناریۆیە كە بێتەئاراوە، باشترین سیناریۆش رەنگە ئەوە بێت كە سەربەخۆبوونی كورد قبووڵ بكرێت، لەگەڵ كۆتاییهاتنی شەڕە ناوخۆییەكان و دەستێوەردانی سەربازی لەلایەن وڵاتانی دەرەوەو گەڕانەوەی پەنابەرە سوورییەكان بە سەلامەتی بۆ وڵاتی خۆیان و چارەسەرێكی قبووڵكراوە بۆ كێشەی فەلەستین.

**ئێمە بەردەوام هەوڵ و كۆششەكانی ئێران بەدی دەكەین بۆ بەهێزكردنی پێگەی خۆی لە ناوچەكەدا، لەگەڵ هەوڵەكانی ئەمریكا، سعودیە، ئیسرائیل بۆ جڵەوكردنی ئێران. لە هەمان كاتدا خەڵكە ئاساییەكە لەنێو بەرداشی شەڕە بەردەوامەكاندا گیریان خواردووە**